

# کاردانەوەی فکر لە ڕۆمانی کوردیدا

## ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی و (مامزێر)ی کاروان عومەر کاکەسوور وەك دوو نموونە



سۆران ئازاد

«تەواوی بەرهەمی بلیمەتەکان لە ئەنجامی بیرکردنەوەی بەردەوامە لە نهێنی و ڕازە پەنهانەکانی دونیا، بەبێ هیچ مەرامێکی خودی و کەسێتی، هەر لەبەر ئەمەش بلیمەتەکان خاوەنی ژیانێکی فکریی تایبەت بە خۆیانن، کە لە کەسە ئاساییەکاندا بەدی ناکرێت..».

شۆپنهاوەر

# فەیلەسووفان بەردەوام لە ڕێگەی ئەدەبەوە تەعبیریان لە بۆچوونەکانی خۆیان کردووە

**«لە نێوان مێژووی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی ڕەسمی (formal) بیرەکاندا ڕێڕەوێک هەیە، ئەو ڕێڕەوە پێدەچێت زۆر تەسک بێت، ئەو ڕاڕاوە مێژووی فیکرەکانە.»**

Technologies of the Self

(مێشێل فۆکۆ)

بوونی فکر لە ئەدەبدا مانای بەکارهێنان، یان پەنابردن نییە بۆ ڕەگەزێکی سەربەخۆ، بەڵکو فکر هەمیشە لە تێکستی ئەدەبیدا ئامادەیە، مادام هەردووکیان دیاردەی بوونی مرۆڤ و ئەزموونەکانی ئەو مرۆڤە لە خۆیان دەگرن بە هەموو ڕەهەندەکانیانەوە. ئەمەش ئەو پرۆبلیماتیکەی نێوان ئەدەب و فەلسەفەی گەورەتر کردووەتەوە، چونکە پێوەندیی ئەو دوانە بەردەوام جێگەی تێڕامان بووە، تەنانەت ئاسان نییە تێکستەکانی (دانتی، ڕۆسۆ، نیچە، کامۆ) و زۆری تر بخرێنە ژێر ناوی ئەدەب یان فەلسەفەوە. ئەگەر هەر قووڵبوونەوەیەک لەناو ئەدەبدا ئاڕاستەیەک بێت بەرەو فەلسەفە، ئەوا هەموو ڕوونبوونەوەیەک لەناو فەلسەفەدا ئاڕاستەیە بەرەو ئەدەب، وەک دەبینین هەمیشە فەیلەسووفان بۆ ڕوونکردنەوەی تێزەکانیان پەنایان بۆ تێکستی ئەدەبی بردووە، تەنانەت هەتا ئەگەر ئەو پەنابردنە نێگەتیڤیش بێت وەک لای (پلاتۆ) بوونی هەیە، کاتێک شیعر بە دوژمنی فەلسەفە دەزانێت، بەوەی شیعر سۆز و خرۆشان لە خۆی دەگرێت. هەر ئەو مەیلە بە شێوەیەکی تر لای (دیکارت) سەرهەڵدەداتەوە، کاتێ دەیەوێت سنوور لەنێوان ئەدەب و فەلسەفە دابنێت، تەنانەت لەسەر شێوازی (پلاتۆ) دژایەتیی شیعر و شاعیران دەکات. بە هەرحاڵ ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە فەیلەسووفان بەردەوام لە ڕێگەی ئەدەبەوە تەعبیریان لە بۆچوونەکانی خۆیان کردووە، بۆ نموونە لە یۆنان فەیلەسووفانی وەک (هیراکلیتس) و (هۆمیرۆس) بۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆیانیان بە شیعر دەربڕی. (جۆهان هۆڵدەرلین)ی شاعیر بێجگە لەوەی خۆی هەمیشە پەنای بۆ فەلسەفە دەبرد، دواتر هەر خۆیشی بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هەر یەکێ لە (نیچە)، (هایدگەر) و (سارتەر). بەرهەمەکانی (لامارتین) و (دۆیستۆیڤسکی) و زۆری تریش بە هەمان شێوە بەردەوام سەرنجی فەیلەسووفانیان ڕاکێشاوە، تەنانەت (مارکس) بە هەمان ئەو ئەندازەیەی خۆی بووەتە سەرچاوەی فکری ئەدەبی، خۆیشی لە زۆربەی تێکستەکانیدا پەنای بۆ ئەدەب و هونەر بردووە. ئەمە بۆ (فرۆید)یش هەر ڕاستە، بەڵام نە فەلسەفە دەتوانێت هەمیشە بە ئەندازەی ئەدەب ڕوون بێت و نە ئەدەبیش پێی دەکرێت بەردەوام هێندەی فەلسەفە قووڵ بێت، بۆیە هەر یەکەیان بۆ ناوەوەی خۆی دەگەڕێتەوە. ئەدەب، کە بابەتی ئێستای ئێمەیە بۆ ڕەگەزی وەک سەرسامکردن، ئیکزۆتیک و میتافۆر دەگەڕێتەوە، بەوەی ئەمانە کەرەستەی بونیادنانی دنیای فانتازیان. کاتێ باس لە بوونی فیکر دەکرێت لەناو تێکستێکی دیاریکراودا، ئەوە مەبەست لە قووڵبوونەوەی فیکرە لەو تێکستەدا، ئەگینا وەکو پێشتر وتم فکر هەموو کاتێک لەناو تێکستی ئەدەبیدا ئامادەیە. ئەوەی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی و (مامزێر)ی کاروان عومەر کاکەسوور لە تێکستی ئاسایی جیادەکاتەوە، ئەو قووڵبوونەوەیە لەناو فیکردا و هەر ئەمەشە وای کردووە ئەو دوو ڕۆمانە ببنە تەوەری ئەم باسەی من. پێم وایە ئەم جۆرە تێکستانە لەناو ڕۆشنبیریی ئێمەدا نەک هەر

ئەگەر هەر قووڵبوونەوەیەک لەناو ئەدەبدا ئاڕاستەیەک بێت بەرەو فەلسەفە، ئەوا هەموو ڕوونبوونەوەیەک لەناو فەلسەفەدا ئاڕاستەیە بەرەو ئەدەب، وەک دەبینین هەمیشە فەیلەسووفان بۆ ڕوونکردنەوەی تێزەکانیان پەنایان بۆ تێکستی ئەدەبی بردووە



به وردی ناخوێندرێنەوە، بەڵکو زۆرجار هەوڵی سڕینەوەشیان دەدرێت، یان لە چاکترین حاڵەتدا دەخرێنە پەراوێزی هەندێک تێکستی سادەوە. خاڵێکی تر، کە دەبێت لە ئێستاوە ئاماژەی پێ بدەم: پێوەندیی نێوان فکر و تەکنیکە، چونکە هەموو قووڵبوونەوەیەکی فەلسەفییانە لە ئەدەبدا مانای ئەفراندنی زمانێکی نوێ و هێنانی کۆمەڵێک تەکنیکی نوێیە بۆ ناو ئەو تێکستە، چونکە تەکنیک ئەنجامی ئەو ئاڕاستە جیاوازانەیە، کە فیکر و خەیاڵ بە مەبەستی گەیشتن بە قووڵایی و نهێنییەکان، پەنایان بۆ دەبەن. یان دەکرێت بڵێین ئەوە فیکر و خەیاڵن لەپاڵ زمانێکی کاریگەردا تەکنیک هەم دروست دەکەن و هەم بەکار دەهێنن، نەوەک بە پێچەوانەوە. لێرەوەیە من بانگەشەی هەندێک نووسەر بە ڕاست نازانم، کە بەبێ ئەوەی هیچ قووڵاییەکیان لە ئەدەبدا هێنابێتە کایەوە، باس لە داهێنانی تەکنیکی نوێ دەکەن.

مامەڵەکردنی رۆمان لە بەرانبەر واقیعدا، ڕۆڵێکی گرنگی رۆماننووسە، چونکە لەو ڕێگەیەوە رۆماننووس دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئیستاتیکا و زەمەن و شوێنی ڕووداوەکاندا بکات، کە ئەمەش پێویستی بە لایەنی مەعریفی و فکرەوە هەیە. هەست دەکەم دوو کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم دوو ڕۆمانە (جەلادەتی کۆتر)ی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) و (مامزێر)ی ڕۆمانی (مامزێر) کاردانەوەیەکی قووڵی فکرییان بەسەرەوەیە.

لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا تەنیا کارەکتەر (جەلادەتی کۆتر) بە نموونە دەهێنمەوە و هەوڵی کەشفکردنی کاردانەوەی فکر لە رۆحی ئەم کارەکتەرە دەدەم. لە رۆمانی (مامزێر)دا تەنیا ئیشم لەسەر کارەکتەری سەرەکی کردووە، ئەگەرچی ئەم رۆمانە زمانێکی مەنەلۆگیی هەیە و تەنیا کارەکتەرێک کە ئەویش (مامزێر)ـە، رۆڵی سەرەکی دەبینێت. (جەلادەتی کۆتر) لەپاڵ ئەوەی دیوێکی ئەفسانەیی قووڵی هەیە، لە ڕێگەی ئەو ڕووداو و کارەساتانەیش، کە بە دەوریدا ڕایەڵکراون، کۆمەڵێ ڕەهەندی قووڵی فەلسەفیی بە خۆیەوە گرتووە و وا پێویست دەکات بۆ لێکدانەوەی هەر یەکێکیان گەشتێک بەناو بوارەکانی مەعریفەدا بکەیت. (مامزێر) کارەکتەرێکی فکرییە و هەڵگری چەندین رەهەندی فکریی جیاوازە، چونکە بەر لە هەر شتێک ئەو کارەکتەرە مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی (بوون)ی خۆی دەکات، لەناو مێژوو و ئەفسانەدا.

**مامزێر:**

ئەم رۆمانە لەنێوان دوو دنیادایە، دنیای (ناوەوەی کارەکتەر)، کە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە زمانی مەنەلۆگی دراوەتە پاڵ، لەگەڵ دنیای (دەرەوەی کارەکتەر)، کە ئەمە بەشی دەرەوەی ڕووداوەکانی ناو خودی کارەکتەر مەیسەر دەکات. دنیای خودی مامزێر، لە دەرەوەی فەزای شوێن و کاتە، نە مێژووی دیارە و نە ئایندە، (ئێستا)ی ئەویش بوونێکی گوماناوییە، بەڵام بەهۆی تەکنیکەکانی گێڕانەوە «techniques Narrative» دنیای کارەکتەر و دەرەوەی کارەکتەر تێکەڵ بە یەکتر دەبن. بەو هۆیەوە دەتوانین بڵێین «مامزێر» کارەکتەرێکە تەواو رۆحی واقیعی لێ سەندراوەتەوە و لە فەزایەکی ئازاددا دەژیێت. لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت تەعبیری خودیی (Self-expression) هەبێت بەرانبەربە شتەکان. لە هەمانکاتدا لە فەزای میتافیزیکیی خۆیەوە دەڕوانێت و مامەڵە لەگەڵ دنیای فیزیک دەکات. کۆنسێپت

# (دیكارت) بنچینەی فەلسەفەكەی خۆ لەسەر شیكردنەوەی (بوون) دامەزراندووە، ئەو لە ڕێگەی گومانكردن لە بوون دەمانخاتە بەردەم هوشیاربوونەوەوە

و فەنتازیای ئەم ڕۆمانە بە كارەكتەرێكەوە گرێ دراوە كە خۆی سەرتاپای غەرقی ئەو كێشانەیە، لە فكر و فەلسەفەدا بە درێژایی چەندین زەمەنی جیاجیا هەوڵی تەفسیركردنیان داوە. «مامزێر» بەهۆی ئەوەی واتای «زۆڵ یان بیژی» دەدات، كەسی «بیژی»یش كێشەی لەگەڵ «بوون»ی خۆیدا هەیە، هەر وەک چۆن «بوون»ی ئێمە سەرچاوەی هەموو ئەو (نەهامەتی و زانین و ئاگایی و ئازار و.. هتد)ـە، ئاواش كێشەیەكی گەورەیە، چونكە هەموو كێشەكان لە بوونی ئێمەوە سەرچاوە دەگرن. كەواتە هەموو ئەو كێشانە وایان كردووە دیوەكانی (مامزێر) پێوەندییەكی پتەویان لەگەڵ فكر و فەلسەفەدا هەبێت، هەرچەند مرۆڤیش لە ڕاڤەكردنی مانای بوونی خۆی قووڵتر ببێتەوە، زیاتر نهێنییەكانی بۆ دەردەكەوێت و تووشی سەرەداوی فكرێكی ئاڵۆزتر دەبێت، هەروەک چۆن لە هونەری گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەدا هەر گرێچینە و گرچینێكی تری بەدوادا دێت. دوای كێشەكانی بوون، ئەو پێوەندییە دەچێتە ئاستی دیاریكردنی ماهییەت و ڕۆح و ناخی مرۆڤ.. وا لە خوارەوە بە درێژی ئاماژەی پێ دەدەم.

## (بوون) و تەفسیرە جیاوازەكان، دەرخستنی ناوەڕۆک و ماهییەتی ڕۆح، بەرجەستەبوونیان بە (مامزێر)ی كارەكتەر:

(لە دارستان دەنگێک، كە وای دەردەخست هی باوكمە، چاكتر وایە بڵێم هی كۆنە مێردی دایكمە و بە زمانی سەروو پێی دەوتم: تۆ نەخوڵقاویت... نەخێر، نەخێر، تۆ نەخوڵقاویت... هەر لە ئەزەلا بوونت نییە... بەڵام ئەگەر وا دەزانی گیانت لەبەرە، ئەوا كەسێكی زۆڵی...) «لە ڕۆمانەكەوە»


ئەگەر (بوون) خۆی بەسەر میتافیزیكای (ئەریستۆ)دا زاڵ كردووە، ئەوا لەبەر ئەوە نییە، كە (ئەریستۆ) شیكارییەكی تەواوی لەبارەیەوە داوە، بەڵكو پێوەندیی بەو ئاڵۆزی و تەنگوچەڵەمە فكرییەوە هەیە، كە (بوون) هەڵگریەتی. بە هەمان شێوە (دیكارت) بنچینەی فەلسەفەكەی خۆ لەسەر شیكردنەوەی (بوون) دامەزراندووە، ئەو لە ڕێگەی گومانكردن لە بوون دەمانخاتە بەردەم هوشیاربوونەوەوە، چونكە لای ئەو گومانكردن بەرزترین پلەی هوشیاربوونەوەیە. هەر (دیكارت) یشە چارەسەری ئەو گومانكردنەمان بۆ دەدۆزێتەوە لە بەرانبەر(بوون)دا، بۆیە دەڵێت: (من بیر دەكەمەوە، كەواتە هەم). (دیكارت) ویستوویەتی ئەو پێوەندییە نهێنی و قووڵە لە نێوان (بوون) و (نەبوون)دا بدۆزێتەوە، باشترین ڕێگەش گومانكردن بووە، چونكە ئێمە تەنیا لە ڕێگەی گومانەوە دەتوانین حەقیقەتی خودی بەرجەستە بكەین، نابێت ئەوەشمان بیر بچێت، كە دیكارت (بوون) بە بیركردنەوە دەبەستێتەوە.

(بوون) لە لای (نیچە) ڕەهەندێكی تراژیدی وەردەگرێت، بنچینەی بوونیش بۆ هیچ (nihil) دەگەڕێنێتەوە. لای (هایدیگەر) بوون بنەڕەتی هەموو شتەكانی لەسەر بنیاد نراوە.. بەڵام ئەو دەنگەی لە دارستان كە هی باوكی (مامزێر)ـە و هەڕەشەی ئەوەی لێ دەكات كە ئەو نەخوڵقاوە و هەر لە ئەزەلا بوونی نییە، ئەوا مانای وایە (مامزێر) كەوتووەتە نێوان دنیای (بوون) و (نەبوون)ەوە. بۆیە (بوون) دەبێتە پرسیاری سەرەكیی (مامزێر)، هەر بەو شێوەیەی كە (هایدیگەر) لە كتێبی (بوون و زەمەن – Being and time)دا ئەوەمان بەسەردا دەسەپەنێت، كە (بوون) پێویستە بكرێتە

ئەگەر (بوون) خۆی بەسەر میتافیزیكای (ئەریستۆ)دا زاڵ كردووە، ئەوا لەبەر ئەوە نییە، كە (ئەریستۆ) شیكارییەكی تەواوی لەبارەیەوە داوە، بەڵكو پێوەندیی بەو ئاڵۆزی و تەنگوچەڵەمە فكرییەوە هەیە، كە (بوون) هەڵگریەتی



پرسیارێکی سەرەکی، بەڵام مامزێر (بوون)ی خۆی بە کۆی رەهەندەکانییەوە لێ ونە، کەواتە بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەر (نەبوون)یشدا دەکات. هەر وەک (هایدیگەر) رەخنە لەوە دەگرێت کە بۆچی (نەبوون)یش نەبووەتە جێگەی پرسیار؟ دوای ئەمە مامەڵەکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ناوەڕۆک، ئەو بەشەی ناوەڕۆکەی، کە (مامزێر) دەیەوێت لە ڕێگەی ڕابردووەوە بدۆزێتەوە، هەر وەک دەڵێت: «سەیر ئەوەیە من هیچ گەڕانەوەیەکم لەوەی پێشووم ناچێت... هەر جارێ سەربردەیەک بۆ خۆم هەڵدەبەستم و وادەزانم ئیتر تەواو ژیانم ئاوایە، کەچی هێندەی پێناچێت پاشگەز دەبمەوە و بە شێوەیەکی جیاوازتر ڕابردووم دادەڕێژمەوە...» (هایدیگەر) پێی وایە بوونی مرۆڤ پێش ناوەڕۆک دەکەوێت و ناوەڕۆک لە بوونی دایە. بەڵام (ڕابردوو) کە بەشێکی دانەبڕاوی ناوەڕۆکە، کێشەیەکی گەورەیە لای (مامزێر)، چونکە هەر وەک شێوەیەکی تارمایی و نادیاری هەیە، بەڵام لە خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافەوە بۆمان دەردەکەوێت کە (مامزێر) خۆی ناوەڕۆکی خۆی دیاری دەکات. ئەمەش بەرجەستەبوونی ئەو رەهەندە تێگەیشتنەیە لە بوون، کە دەکرێت بە چەندین شێوە روانینی جیاجیای بۆ بکرێت، چونکە مرۆڤ تێگەیشتنی بۆ شتەکان هەیە و تاکە گیاندارێکە بیر لە بوونی خۆی بکاتەوە. (E. J. Lowe) لە کتێبی (The Four-Category Ontology: A Metaphysical Foundation for Natural Science) ئەو پرسیارە دەوروژێنێت کە بۆچی پێویستە ئێمە برێکی کەم لە بوونی خۆمان بزانین؟ هەر ئەویشە بۆ شیکردنەوەی


بەختیار عەلی

(Category Ontology – بابەتی بوونناسی) کە لەو کتێبەدا پێوەندیی لایەنی بنچینەی میتافیزیکا و دەرخستنی سرووشتی، بە شێوەیەکی بنچینەیی دادەمەزرێنێت. شیکردنەوەی (بوون) لای (کانت) بەسەر (فێمونە و نومیە) دابەش دەبێت، واتە لایەنی دیار و نادیار، کە (مارتین هایدگەر) بەتەواوی لایەنی (نومیە) ڕەت دەکاتەوە. لایەنی (فینۆمیە) لای (هۆرسێل) پەرە دەستێنێت، تا ئەو ئاستەی کە دەبێتە زانستێکی سەربەخۆ و شیکردنەوە لە دیاردەی دەرکەوتەی (بوون) واتە

# بەبڕوای (پلاتۆ) جەستە گۆڕستانی ڕۆحە، هەر ئەو جەستەیەی دەبێتە بەشێك لە كوشتنی ڕۆح و نهێنییەكانی

(فینۆمێنۆلۆجیا - phenomenology).
بەڵام کێشەی (بوون) لە ڕۆحی (مامزێر) تەنیا لەسەر یەک دوو میتۆدی دیاریکراو ناوەستێت، بەڵکو گەشتێکە بەناو زۆربەی ئەو میتۆدانەی شیکاری بەرانبەر بە (بوون) دادەنێن، بۆ نموونە سەرەتای کێشەی (بوون) بە هەڕەشەکردنی دەنگی ناو دارستان دەست پێ دەکات، کاتێ حوکمی ئەوەی بەسەردا دەدات، کە هەر لە ئەزەلا نەبووە. ئینجا (مامزێر) خۆی گومان لە خۆیدا دەکات. دواتر کێشەی ناوەرۆک و چەندین لایەنی ترمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، پاشانیش ترسان لە کۆتایی و فۆبیای مەرگ و بیرکردنەوە لە قیامەت، کە ئەمەشیان مانای وایە ئەم کارەکتەرە گەشتێک بەناو هەموو ئەو فکر و ئایدیانە دەکات، کە لە بەرانبەر (بوون) دا بوونیان هەیە، بۆ نموونە لەم دێڕەی خوارەوە، (بوون) دەچێتە ئاستی جێگۆڕکێ، بۆیە دەڵێت:
«ڕەنگە منیش ئەم ژیانە هی خۆم نەبێت... یاخود دەشێ ژیانی منیان بەبەر کەسێکی تردا کردبێت و ڕۆحی یەکێکی تریان خستبێتە جەستەی منەوە».
پاشان بازدان هەیە بەسەر دیاریکردنی فۆرم و ناوەڕۆکی جەستە و ڕۆح. هەر وەک هاتووە: "جل فۆرمی جەستەیە، بەڵام جەستە فۆرمی ڕۆح نییە...". بەبڕوای (پلاتۆ) جەستە گۆڕستانی ڕۆحە، هەر ئەو جەستەیەی دەبێتە بەشێک لە کوشتنی ڕۆح و نهێنییەکانی. بە هەمان شێوە (دیکارت) بوونی مرۆڤی بەسەر (جەستە، ڕۆح) دا دابەش کردووە. ئەو پێی وایە مرۆڤ دەتوانێت بەبێ جەستە هەبێت، بەڵام ناتوانێت بەبێ ڕۆح بوونی هەبێت. (کانت)یش پێی وایە ئەو جەستەیە بەربەستە لەوەی ئێمە لە ڕێگەی گیانەوە ئەوانی دیکە بناسین، بەڵام (ئەریستۆ) بڕوای وایە ڕۆح بەشێکی دانەبڕاوی جەستەیە.
لەم دێڕەی ئەم ڕۆمانەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە فۆرمی جەستە دیاری کراوە، کە جلە، بەڵام ئەو جەستەیە بە هیچ شێوەیەک نابێتە فۆرمی ڕۆح، بۆ ئەوەی دەلالەت لە مانا شاراوەکانی ڕۆح بکات.
هەر پاش ئەم دێرە هاتووە: «ڕۆح لەناو بینین دایە، نەک لەناو جەستە... ئەوە «بینین»ـە کاتێ دەکەوێتە سەر جەستە، ڕۆحی تێدا دەخوڵقێنێت و هاوکاتیش ماهییەتی ئەو ڕۆحە دەردەخات... پێمان دەڵێت ئەم جەستەیە جوانییمان پێ دەبەخشێت و ئەوی دیکەیان شێواوە و قێزمان دەکاتەوە... ئەمەیان جەستەیەکی دوژمنانەیە و ئەوەیان جەستەیەکی دۆستانەیە... هەر «بینین»یشە زەمەنەکانی ئەو جەستەیەمان بۆ دەردەخات...»
ئەم پەرەگرافە هەڵگری چەندین شیکردنەوەی جیاوازی فکرییە، بۆ نموونە ئێمە دەکەوینە بەردەم کێشەی دنیای دەرکەوتە و دنیای ناوەوە. (پلاتۆ) دنیای دەرکەوتە بە دنیای سێبەرەکانی ناو ئەشکەوتەکەی دەشوبهێنێت. بە بڕوای (شۆپنهاوەر) ئەوە هەستەکانی ئێمەن شت دەخوڵقێنن و تەنیا بینینی ئێمە مانا بە شتەکان دەدات. کەواتە هەرشتێک کە بوونی هەیە لە ئەنجامی بینینە. بە هەمان شێوە ڕۆح ماهییەتی شتەکان دیاری دەکات، چونکە هەستی بینینی ڕۆح هەڵگری گشت مانای ئەو شتانەیە کە لە دەوروبەرماندا هەن. ئەگەرچی (کانت) لەلایەن (شۆپنهاوەر)ەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێت، بەهۆی ئەوەی کە (کانت) باوەڕی وایە شتەکان خۆیان هەڵگری مانان. پاشان وەک ئەوەی لەم پەرەگرافەدا هاتووە بینین توانای دیارخستنی زەمەنەکانی جەستەی هەیە، کەواتە جەستە وا دەرخراوە کە لەگەڵ زەمەن و شوێن گۆڕانکاری

کێشەی (بوون) لە ڕۆحی (مامزێر) تەنیا لەسەر یەک دوو میتۆدی دیاریکراو ناوەستێت، بەڵکو گەشتێکە بەناو زۆربەی ئەو میتۆدانەی شیکاری بەرانبەر بە (بوون) دادەنێن، بۆ نموونە سەرەتای کێشەی (بوون) بە هەڕەشەکردنی دەنگی ناو دارستان دەست پێ دەکات، کاتێ حوکمی ئەوەی بەسەردا دەدات، کە هەر لە ئەزەلا نەبووە



به خۆیەوە دەبینێت و بەشێکە لێیان. بەڵام رۆح چونکە لەناو زیندانی جەستەدا گیری خواردووە، ئەوا بوونێکە لە دەرەوەی زەمەن و شوێن، ئەگەرچی بەهۆی جەستەوە پەیوەست بووە پێیان. (پلاتۆ) بڕوای وایە رۆح پێش ئەوەی بێتە ناو جەستە بوونی هەبووە، بەڵام ئێمە بیرمان دەچێت کە پێشتر ئەم رۆحەی ئێمە چیی بینیوە. بەڵام لەم رۆمانەدا مەودای ئەو گریمانەیەش بەرجەستە کراوە بۆ نموونە لە ئەفسانەی ئەسپە باڵدارەکاندا هاتووە: «زۆر جار مرۆڤ دەچێتە شوێنێک و وا دەزانێت پێشتر بینیویەتی...».

پاش هەموو ئەمانە (مامزێر) بەناو کێشەکانی تری بوونیدا قووڵ دەبێتەوە، بۆیە لە ڕێگەی وشەوە سومبولی ماناکان دەخوڵقێت. لە شوێنێکدا (مامزێر) دەڵێت: (ئێستایش ئەوەی لەناو قەفەزەکەدا ئازارم دەدات، ئەوە نییە، کە من دیلم و نازانم چارەنووسم بە کوێ دەگات، بەڵکو ئەو رووتییەیە، بۆیە دەڵێم خۆزگە توند توند چاویان دەبەستم، وەکو چۆن لە ڕێگە چاوی سەرجەم دیلەکانی دیکەیان بەستبوو...) رووتی وەکو ئەو رەهەندەی کە ماناکانی جەستەی پێ پەردەپۆش ناکرێت و لەو ڕێگەیەشەوە توانای خۆدەرخستنی رۆح زیاتر دەبێت، چونکە لە شوێنێکی تردا مامزێر دەڵێت: «جلوبەرگ قاوغێکی سیحراوییە، جەستە زیاتر ئاشکرا دەکات و ڕۆح هێندەی تر دەشارێتەوە...». کەواتە لە ڕێگەی رووتییەوە زەمینەی قووڵبوونەوە بۆ ناو خود زیاتر دەرەخسێت، چونکە لە رووتیدا مرۆڤ ئەو شێوە سرووشتییەیە، کە بووەتە هەوێنی ژیانی، بەڵام پۆشین سومبولی شاردنەوە و دەرنەخستنی رۆحە. (کاروان کاکەسوور) بەمەشەوە ناوەستێت، بەڵکو (مامزێر) لە قەفەز دەکات، چونکە بەر لە هەرشتێک دیل و دەستبەسەرە، هەموو ئەوانەی کە دیلیشن مەودوای لەناوخۆ ژیانیان زیاترە و لەو ڕێگەیەوە تەنیا دەبێت وتووێژ لەگەڵ خودی خۆیاند بکەن، بەمەش زمانی کارەکتەر دەبێتە زمانێکی مەنەلۆگی، لەو ڕێگەیەشەوە کارەکتەر باس لە خۆی دەکات و تا قووڵایی کێشە و رۆحی خۆی دەچێت. (ئەدۆرنۆ) لەکاتێکدا رەخنە لە (سارتەر) دەگرێت، کە هەلومەرجی ئەو زەمەن و شوێنەی کە کارەکتەرەکانی (سارتەر) تێیدا دەژیان، پێویستی بە زنجیرکردنی کارەکتەرەکانی هەبوو، لە کاتێکدا (سارتەر) ئەمەی نەکردووە، بەڵام (مامزێر) لە قەفەز کراوە، چونکە قەفەز سومبولی ئەو بارودۆخە خودییەی (مامزێر)ـە، لەهەمانکاتدا دیاریکردنی ئەو کات و شوێنەی کارەکتەرە. لە ئەنجامی ئەوەوە، کارەکتەر هەوڵی دۆزینەوەی زمانێک دەدات تاکو تەعبیر لە ئازارەکانی بکات، هەر وەک دەڵێت: (کەواتە من ئێستا ئازاری ئارەزووی نووسین لەهەر کاتێکی دی زیاتر هەڵمدەقرچێنێت...) زمانی نووسین لای (جاک دێریدا) لەهەمانکاتدا زمانی ئاخاوتنیشە. بەڵام کاتێک ئەو ئاخاوتنە دەبێتە کرداری تەعبیرکردن لە ئازار، ئەوا ئەرکی زمان گواستنەوەی ئەو سومبول و هێمایانەیە کە رۆحی کارەکتەر هەڵگریەتی. (مامزێر) لەناو ئازارێکی قووڵدا دەژییێت و نووسین وەک بەشێک لە ئازار نیشان دەدات. (دێریدا) لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت: (زمان خۆی لە ژیاندایە و نووسین بەشێکی مردووی زمانە). بە هەمان شێوە (مامزێر) دەیەوێت ئازار بە زمان بنووسێتەوە. بەڵام ئەو پرسیارەی بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە ئەوەیە، ئایا (مامزێر) لە دنیای (بوون)دا ئەم وتەیە دەڵێت، یان کەوتووەتە دنیای (نەبوون)ەوە.. ؟

## (پلاتۆ) بڕوای وایە ڕۆح پێش ئەوەی بێتە ناو جەستە بوونی هەبووە، بەڵام ئێمە بیرمان دەچێت کە پێشتر ئەم ڕۆحەی ئێمە چیی بینیوە



کاروان عومەر کاکەسوور

لایەنێکی تری فکری کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی مێژوو و میتیۆلۆژیا بە کارەکتەرەوە بەستراوەتەوە، تێکەڵکردنی مرۆڤ و بێگیان، مرۆڤ و ئاژەڵە، کە ئەمەش زیاتر پێوەندیی بە بینین و تێڕامانی کارەکتەرەوە هەیە. دەتوانین ئەم پەرەگرافە بە نموونە بهێنینەوە: «جار جار ئەسپەکان سەریان لەو ئاوێنەیە دەردەهێنا و دەیانحیلاند... لەناو ژوورەکەدا دەنگی دەدایەوە و وامدەزانی لە ئەشکەوتدام...».

ئەسپ ئاژەڵێکی گیاندارە، بەڵام ئاوێنە بێگیانە، بە هەمان شێوە ئەو ئەسپانەی لەو ئاوێنە دێنە دەرەوە بێگیانن، تەنیا لە ڕێگەی تێڕامانەوە گیانیان پێ دەبەخشرێت. لێرەدا بێگیان و گیاندار تێکەڵ کراون. دواتر کاتێک دەنگیان، دەنگ دەداتەوە کارەکتەر وا هەست دەکات لە ئەشکەوتدایە، ئەم دێڕە پێوەندیی بەو لایەنە بیرەوەرییەوە هەیە، کە لە ڕۆحی کارەکتەردایە. هەر ئەو بیرەوەرییەی، کە (پلاتۆ) پێی وایە لەناو ڕۆحی ئێمەدایە پێش ئەوەی ڕۆحمان بێتە ناو جەستە.

چەند دێڕێکی تر دوای ئەمە هاتووە: «وردە وردە تەمێک ئەو ناوەی دادەپۆشی و سووک سووک دیمەنی ژوورەکەم، ڕاستتر بڵێم ئەشکەوتەکەم لێ دەگۆرا... جەستەی دایکمم بە حاڵ دەبینی و هێواش هێواش دەتوایەوە... کاتێکم زانی وا تەنیا قژی ڕەشی بە چاکی دیار ماوە... دەتوت باڵندەیەکی خورافییە و نزم نزم هەڵدەفڕێت...».

لەم پەرەگرافەدا (مامزێر) بەرەو ناو خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە لە ڕێگەی کۆنتاکی شوێن بە ڕامانەوە، ئیتر ئەو زەمینەیە دێتە کایەوە، کە بە شێوەیەکی فانتازی گەشتی ناو ڕۆحی خۆی بکات. بە هەمان شێوە قژی دایکی کە شتێکی بێگیانە، لە



بینینی (مامزێر)دا دەبێتە گیانلەبەرێکی خورافی، ئەمەش بەخشینی گیانە بە شتە بێگیانەکان.
بەخشینی گیان بە شتە بێگیانەکان و تێکەڵکردنی مرۆڤ و بێگیان، ڕەهەندێکی ئێجگار گەورەی فکرییە، چونکە دۆزینەوەی ئەو پێوەندییە نهێنییەیە، کە لە نێوان شتەکاندا بوونیان هەیە، تا ئەو ئاستەی کۆنتاک لەگەڵ تێڕامانی مرۆڤەوە دەکەن، بەڵام دواتر ئەم ڕەهەندە فکرییە لایەنی زیاتر لە خۆ دەگرێت، بۆ نموونە بەخشینی گیان بە حاڵەتە دەروونییەکانی ناو ناخی ئینسان، ئەمەش تێگەیشتنمان لەو حاڵەتانەدا لە ئاستی بێگیان دەگەیەنێتە ئاستێکی گیاندار. لە پەرەگرافێکدا هاتووە: «دوایی بۆم دەرکەوت «خەوزڕان» حاڵەت نییە، نەخۆشی نییە، خوو نییە، بەڵکو بوونەوەرێکە و خۆی بە خاوەنی هەموو مافەکانی ژیان دەزانێت...». هەموو ئەو پێوەندییانە قووڵمان دەکەنەوە لە ماهییەت و ناوەرۆکی ڕۆح و بینینی ئەو پێوەندییە نهێنییانەی، کە کۆنتاکێکن لەگەڵ شتەکانی دەوروبەرماندا.
ڕەهەندێکی تری فکری، کە پێوەندییەکی رادیکاڵی لەگەڵ ماهییەت و ژیانی مرۆڤدا هەیە، گەڕانەوەیە بۆ مێژوو و لەوێوە گواستنەوەی وێنە و ڕووداوەکانی مێژووە بۆ ناو ناوەرۆکی مرۆڤ. هەرچی لایەنی دەرەوەی مرۆڤە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ناوەوەی مرۆڤدا هەیە، کە لە (مامزێر)دا بە قووڵی بەرجەستە کراوە، بۆ نموونە لە شوێنێکدا (مامزێر) دەڵێت: «هاوکات بەبێ ئەوەی بمەوێت بیر لەو ورچانە دەکەمەوە، کە لە سەردەمە زۆر زووەکان لەناو ئەشکەوتەکاندا دەژییان و مرۆڤی سەرەتایی نەیدەوێرا لێیان نزیک بکەوێتەوە، تا ئەو کاتەی ئاگری دۆزییەوە و دەریپەڕاندن... لەمەوە خۆی جێگای ئەوانی گرتەوە...».
بەڵێ، ئەمە لایەنێکە پێوەندیی بە دەرەوەی مرۆڤەوە هەیە، واتە کۆنتاکێکە لە نێوان ناخی مرۆڤ و گواستنەوەی بۆ ئاستی کردار بۆ دەرەوە و بەکارهێنانی لە بەرانبەر ئاژەڵدا، بۆ شوێنگرتنی.
لە پەرەگرافی دوای ئەمەشدا هاتووە: «بەڵام منی ڕووتوقووت زەحمەتە ئەو ئاگرە بدۆزمەوە و بچمە ناو ئەشکەوتی ناخی خۆمەوە، بۆئەوەی ئەو ورچانە یەک یەک بکەمە دەرێ...». لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کرداری دەرەوە بۆ ناوەوە دەگەڕێتەوە، بە شێوەیەکی جیاوازتر دەتوانین بڵێین، کاتێک شتێک لە ناوەوەی مرۆڤدا هەیە تاوەکو نەبێتە کردار بۆ دەرەوەی خودی، ئەوا ناتوانین هەستی پێ بکەین.
بە پێی فکری ئەم وتەیە، کاتێک مرۆڤ ورچی لە ئەشکەوتەکان دەرکرد، ئەوسا دەزانێت کە کۆمەڵێک ورچیش لە ناخی خۆیدا هەن و پێویستە دەریان بکات. لە دیدی (مامزێر)ەوە دەرکردنی ورچەکانی ناخ زۆر قورسترە لە دەرکردنی ورچەکانی ئەشکەوتی دەرەوەی ناخ. نابێت بیریشمان بچێت کە لە ڕێگەی (مامزێر)ەوە ئەو فکرە بوونی هەیە، کە ناخی مرۆڤ وەکو ئەشکەوت یان سەرزەمینێکی قووڵ نیشان بدرێت، بەڵام بەهۆی هێزی هێنانەبەرچاو (imagination) توانای مرۆڤەکان دەگۆڕێت.
لەو ڕوانینەی (مامزێر)ەوە ئێمە دەگەینە ئەو لایەنە فکرییەی کاتێ مرۆڤ لە ڕێگەی ئەقڵەوە دەستی بە زانین (knowledge) دەگات، کە ئاگرە، ئەوا ئەو لایەنی زانینە وای لێ دەکات ئارەزووەکانی مرۆڤ بۆ داگیرکردن و دەست بەسەردا گرتنی شوێنی گیاندارانی دیکەی سرووشتی لا دروست بێت، کەواتە ئەمە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەقڵە.
بە بڕوای فەیلەسووفەکانی (پۆست مۆدێرن)

## (مامزێر)یش هەروەکو (نیچە، هایدیگەر، فۆکۆ و دێریدا) ترسی لە دۆزەخی لە تەکنەلۆجیا هەیە، وەك یەکێك لە دیاردە بەرچاوەکانی ئەقڵانییەت و مۆدێرنیتە

ئەوە ئەقڵ بوو بووە هۆی ئەو هەموو جەنگ و کوشتارانەی، کە مرۆڤ لە ڕێگەی زانینەوە ئەنجامی دان. (کانت) پێی وایە دەبێت ئەقڵ سنووری خۆی بزانێت و لێی دەرنەچێت. ترسی راستەقینە لە تەکنەلۆجیا وەک یەکێک لە گرنگترین دیاردەکانی مۆدێرنیتە لە (نیچە)وە دەست پێ دەکات، کە ڕەخنە لە عەقڵ و زانستی نوێ دەگرێت، بەوەی خودی مرۆڤ دەشێوێنێت و ناهێڵێت هەست بە سێنترالییەتی خۆی بکات لە گەردووندا. ئەو ڕەشبینییەی (نیچە) لە ئاستی مۆدێرنیتەدا هەیەتی بۆ لای (هایدیگەر) درێژ دەبێتەوە و ئەویش بە دەوری خۆی ڕەخنەی لێ دەگرێت و پێی وایە مرۆڤ لەناو مۆدێرنیتە کۆمەڵێک بت بەرهەم دەهێنێت. دواتر ئەقڵ و ئەقلانییەت لای (فۆکۆ) دەکەونە بەر ڕەخنەی توندترەوە، چونکە بە بڕوای ئەو عەقڵ ئامێرێکە بۆ سەرکوتکردن و دروستکردنی زیندان و سیستمی چاودێری و دامەزراندنی نەخۆشخانەی ئەقڵی. تەنانەت (ماکس ڤیبەر) لەپاڵ ئەو هەموو سەرسامییەی، کە لە بەرانبەر ئەقڵ و ئەقڵانییەتدا هەیبوو، بەڵام هاوکات ترسی خۆیشی لەمانە و لە تەکنەلۆژیا نەدەشاردەوە. کتێبی (ئیتیکی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری)شی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە، بەڵام هەر لەوێدا ئەو ترسەی خۆی ئاشکرا دەکات، کە لە ئەنجامی زۆریی بەرهەمهێنان و گەورەبوونی ئەقڵانییەتدا بیرۆکراتیزم زیاد دەبێت و ئەم دنیایە بۆ مرۆڤ دەبێتە قەفەزێکی ئاسنین. مەبەستی من ئەوە نییە باسەکەم بۆ بابەتی مۆدێرنێتە و پۆستمۆدێرنتە ئاراستە بکەم، بەڵکو تەنیا دەمەوێت ئاماژە بە دووفاقیی زانست بدەم، کە لێرەدا دەیبەستمەوە بەو ترسەی (مامزێر) لە ئاستی دنیای نوێدا هەستی پێ دەکات. تۆ بڵێی ئەو قەفەزەی بە ڕووتی خراوەتە ناوی، هەر ئەو قەفەزە ئاسنینە نەبێت، کە (ماکس ڤیبەر) پێشبینیی کردووە؟ لەم ڕووەوە دەڵێت: «من دەزانم ئەگەر ئاگریشم هەبێت، نازانم بە کاری بهێنم و سەرتاپای ئەشکەوتەکە دەسووتێنم...»، ئەگەر سەرنجیش بدەین، دەبینین (مامزێر) لەنێوان دوو دنیا دایە، دنیایەک کە دەستی تەکنەلۆجیای پێ نەگەیشتووە، هەر لەو دنیایەدا کێشەکانی بوون و تێکەڵکردنی بێگیان و گیاندار، مرۆڤ بە ئاژەڵەوە لایەنی بەستنەوەی مێژوو و میتیۆلۆژیا (مامزێر) یان ئابلۆقە داوە. بەڵام دنیای دووەم، ئەو دنیایەیە کە لە ژێر مەترسیی تەکنەلۆژیادایە، دواتریش ئەو دنیایەی (مامزێر) لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە پێی دەگات، تەواو ماناکانی لێ دەشێوێنێت و ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ ژیانی پێشووتری دەکات. کەواتە (مامزێر)یش هەر وەکو (نیچە، هایدیگەر، فۆکۆ و دێریدا) ترسی لە دۆزەخی لە تەکنەلۆجیا هەیە، وەک یەکێک لە دیاردە بەرچاوەکانی ئەقڵانییەت و مۆدێرنیتە.

### شاری مۆسیقارە سپییەکان:

ئەم ڕۆمانە سەربوردەی دەیان چیرۆکی کارەساتئامێزە، کە هەموویان لە چوارچێوەی جەنگ و کوشتاردا کۆبوونەتەوە. (جەلادەتی کۆتر) ئەو کارەکتەرە ئەفسانەییەیە، کە لە ڕێگەی ئەوەوە ئێمە حیکایەتی ئەو ئینسانانە دەبیستین، حیکایەتی هەر یەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز لەناو ئەو ئازار و نەهامەتییە قووڵانەدا ئاراستە کراون. سەرەتا دەبێت بڵێم ئەرکی خۆم لێرەدا تەنیا لەوەدا دەبینمەوە، کە بە پێی ئیتمۆسفێری خودی خۆم، ماناکان شی بکەمەوە. هەڵگری گشت پەیام و

(کانت) پێی وایە دەبێت ئەقڵ سنووری خۆی بزانێت و لێی دەرنەچێت. ترسی راستەقینە لە تەکنەلۆجیا وەک یەکێک لە گرنگترین دیاردەکانی مۆدێرنیتە لە (نیچە)وە دەست پێ دەکات، کە ڕەخنە لە عەقڵ و زانستی نوێ دەگرێت، بەوەی خودی مرۆڤ دەشێوێنێت و ناهێڵێت هەست بە سێنترالییەتی خۆی بکات لە گەردووندا



حیکایەتەکان (جەلادەتی کۆتر)ـە، بەڵام لە ڕووی زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، ئەوا ئێمە دەکەوینە بەردەم کارەکتەرێکی چیرۆکنووس، کە ناوی (عەلی شەرەفیار)ـە. ئەمەش مەودای دیالۆگ و چوونە نێو تێکستەکەی ڕەخساندووە، چونکە لە ڕێگەی زمانی گێڕانەوەی (عەلی شەرەفیار) و (جەلادەتی کۆتر)، پێوەندیی نێوان خوێنەر و تێکست لەسەر بنەمایەکی زۆر پێرفێکت دەبێت. (جەلادەتی کۆتر) کارەکتەرێکی زمانحاڵە لەنێوان جوانی و دزێوی، ژیان و مەرگ، جەلاد و قوربانی و... تاد، لە سەردەمێکدا کە هەموو مرۆڤەکان لەو داوەدا گیریان خواردبوو، هەر وەک خۆیشی دەڵێت: «هیچ شتێک لەوە سەختتر نییە ببیت بە زمانحاڵی قوربانییەکان لە سەردەمێکدا هەموو مرۆڤەکان، هەتا جەلادەکانیش خۆیان بە قوربانی دەزانن».

دیارە ئەرکی شاهید لێرەدا کەوتووەتە سەر شانی شایەتحاڵێک، کە خۆی لەناو ڕووداوەکاندا ژیاوە و کارەساتەکانی بینیووە، جگە لەوەی خۆیشی یەکێکە لە قوربانییەکان. بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بە نەمری بمێننەوە، ئەوا کارەکتەر وەک شایەتحاڵێکی ناو کارەساتەکان ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە. لایەنێکی تری ماناکانی ئەم تێکستەی قووڵتر کردووەتەوە، کە تێیدا ئێمە هەست بە باکگراوندێکی فکری بکەین، (مۆسیقا)یە، چونکە بەو هۆیەوە ڕۆماننووس وا لە کارەکتەرەکانی دەکات زیاتر لە ناخی خۆیاندا قووڵ ببنەوە و هەر لێرەشەوە کاریگەریی زەمەن و شوێن لەسەر ئیستاتیکا و ڕوانینی مرۆڤ دەردەخات. هەر وەک چۆن (نیچە) پێی وایە ژیان بێ مۆسیقا هەڵەیەکە. من لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا لەسەر گوتە و ڕوانینەکانی (جەلادەتی کۆتر)ی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە وەستاوم. ئەگەرچی دیالۆگ لەم ڕۆمانەدا پانتاییەکی قووڵی داگیرکردووە، بەڵام بە هەمان شێوە تەنیا گوتەکانی (جەلادەت) وەرگیراون. وەکوتر لەلایەنی ئاماژەش بەکارهاتووە، بۆ ئەو دیالۆگانەی کە لەگەڵ (جەلادەتی کۆتر)دا کراون.

**دەستپێکردنی گەشتێکی درێژ، خولقاندنی مانا قووڵەکان، بەرجەستەبوونی فکر بە (جەلادەتی کۆتر)**

«ئینسان لەبەردەم سێ سەفەری گەورەدایە، سەفەرێکیان بۆ ناو سرووشت و سەفەرێکیان بۆ ئاسمان و سەفەرێکیان بۆ ناو خۆی» لە ڕۆمانەکەوە..

**کارەکتەر (ئیسحاقی لێوزێرین).**

کاتێک (ئیسحاقی لێوزێرین)، (جەلادەتی کۆتر) و (سەرهەنگ قاسم)، کە دوو قوتابیی مۆسیقاری ئەون، دەخاتە بەردەم ئەم سێ سەفەرە ڕۆحیانییەوە، دواتر خوێندن و فێربوونی وانەکانی مۆسیقا، ئەوا سەرەتای گەشتێکی درێژ بە نێو ماناکان دەست پێ دەکات. فێربوونی مۆسیقا سەرەتای دەستپێکردنی میتافۆریەتە لای (جەلادەت)، کە دواتر لە بەشەکانی تری ڕۆمانەکەدا بە شێوەیەکی قووڵتر بەرجەستەی کارەکتەر کراوە، لە ڕێگەی مۆسیقاوە (جەلادەت و مامۆستا و هاوڕێکەی) چەندین موعجیزە دەخولقێنن، وەکو چاککردنەوەی نەخۆشەکان و بە جووڵەخستنەوەی پیرەمێردێکی ئیفلیج، کە بەدەم لێدانی مۆسیقاوە سەما دەکات، فڕین بەسەر درەختەکان و پەڕینەوە لە گۆمی گەورە... هتد، هەموو ئەمانە ڕوویەکی ئەفسانەیی وەردەگرن، کە دواتر وا دەکات (جەلادەتی کۆتر)

# بەهۆی بیرچوونەوەی مۆسیقاوە (بەختیار عەلی) توانیویەتی (جەلادەتی کۆتر) وا لێ بکات تا قووڵایی ئەو زەمەن و شوێنە ڕوو بچێت، کە کارەکتەر تێیاندا دەژییێت

ببێتە کارەکتەرێکی ئەفسانەیی. ئەگەر هەتباو (جەلادەتی کۆتر) ئەو ڕووە ئەفسانەییەی نەبووایە، ئەوا ماناکان بەو شێوە قووڵە بەرجەستە نەدەبوون، چونکە لە ڕێگەی ئەفسانەوە زۆرێک لە بەربەستەکانی واقیع تێکشکێندراون، کە وای کردووە خوێندنەوە و تێکشاندنی بونیادی مێژوو و واقیع بە شێوەیەکی بنچینەیی کاری لەسەر بکرێت. نموونەی ئاوا لە شاکارە گەورەکانی تری ئەدەبی جیهانییش هەن، وەکو (ئەفسانەی سیزیف)ی ئەلبێرت کامۆ، کە لە ڕێگەی ئەو کارەکتەرە ئەفسانەییەوە، (کامۆ) توانیویەتی فکری قووڵی وەکو (بێمانایی و پووچی، ژیاندۆستی، مردن... هتد) بخولقێنێت. هەر لەم گەشتانەیە کە (ئیسحاقی لیۆزێرین)، (جەلادەتی کۆتر) و (سەرهەنگ قاسم) دەکەونە تەڵەی کەمینێکی بەعس، لەوێوە چیرۆکی لەناوبردنی هاوڕێکانی و برینداركردنی (جەلادەت) دەست پێ دەکات، کە دواتر لە شاری (تەپوتۆزە زەردەکان) یان (سۆزانییە غەمگینەکان)دا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە ناچار دەبێت مۆسیقا لە بیر خۆی بباتەوە، چونکە بەر لە هەر شتێک مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ژیانی. لەوێدا مانای کاریگەریی زەمەن و شوێن لەسەر کارەکتەر دەرخراوە. بیرچوونەوەی مۆسیقا بە هۆکاری شوێن و زەمەن، دیارخەری کوژرانی جوانییە، لە هەمانکاتدا نیشاندانی ئەو شێوە دزێوییەی شوێن و زەمەنە لەسەر ئیرادەی مرۆڤدا. (جەلادەتی کۆتر) دوای بیرچوونەوەی مۆسیقا دەڵێت: «لە ماوەیەکی کورتدا بووم بە مرۆڤێکی تر، کە بە دەگمەن ڕووخساری ڕاستەقینەی جەلادەتی کۆتری تیابوو، بە ئەستەم سێبەری ئەو مرۆڤەت تیا دەبینییەوە کە حەزی لە مۆسیقا و بڵندگەرایی و فڕین و یاریکردن بوو لەگەڵ جاویدا...».

لەم پەرەگرافەدا بۆمان دەردەکەوێت دیوی ڕاستەقینەی (جەلادەت) بەهۆی ئەو زەمەن و شوێنەی، کە تێیاندا ژیاوە، ونبووە. بە هەمان شێوە مۆسیقا وەک هێزێکی ڕفێنەری ڕۆحی نیشان دراوە، کە وابەستەی جاویدانییە. بیرچوونەوەی مۆسیقا سەرەتای لەنێوچوونی زمانی میتافۆرییەتی کارەکتەرە، هەر وەک (نیچە) بڕوای وایە مۆسیقا بەرزترین شێوازی میتافۆرە. هەر بەهۆی بیرچوونەوەی مۆسیقاشە کە (جەلادەتی کۆتر) توانای خۆڕزگارکردنی لە بەربەستەکانی کات و شوێن نییە و بەو شێوە ترسناکە زەمەن و شوێن ئەو کاریگەرییە قووڵانەی لەسەر جێ دەهێڵن. بە بڕاوی (شۆپنهاوەر) ئێمە تەنیا بەهۆی هونەرەوە دەتوانین بۆ چەند ساتێک لە بەربەستەکانی کات و شوێن و ئازارەکانیان رزگار ببین، بەو هۆیەوە لە دنیای هەمووان هەڵدێین و توانای کەوتنە نێو دنیایەکی خودیمان دەبێت. بۆیە بەهۆی بیرچوونەوەی مۆسیقاوە (بەختیار عەلی) توانیویەتی (جەلادەتی کۆتر) وا لێ بکات تا قووڵایی ئەو زەمەن و شوێنە ڕوو بچێت، کە کارەکتەر تێیاندا دەژییێت.

هەر لەوێدا بۆیەکەمجار عەشقی «دالیا سیراجەدین»ی سۆزانی دەبێت، بە جۆرێکی زۆر سەخت، بەڵام بە شێوەیەکی هەرزەکارانە. بە بڕاوی (شۆپنهاوەر) عەشق نەهامەتییە و لە هەموو شەهوەتەکانی تر بەهێزترە، تەنانەت زۆرجار عەشق لە دوای ژیاندۆستییەوە دێت، عەشق بابەتێکی زۆر گرنگە، ئامانجەکەشی تەنیا و تەنیا بەردەوامیی ژیانە لەسەر ئەم خاکە رەشەدا، کەواتە عاشقبوونی (جەلادەتی کۆتر) لەپاڵ فکرێکی قووڵەوەیە، چونکە لە ڕێگەی ئەو عاشقبوونەوە (جەلادەت) توانیویەتی لەو خاکە رەشەی شاری (سۆزانییە غەمگینەکان) بمێنێتەوە.

بە بڕاوی (شۆپنهاوەر) عەشق نەهامەتییە و لە هەموو شەهوەتەکانی تر بەهێزترە، تەنانەت زۆرجار عەشق لە دوای ژیاندۆستییەوە دێت، عەشق بابەتێکی زۆر گرنگە، ئامانجەکەشی تەنیا و تەنیا بەردەوامیی ژیانە لەسەر ئەم خاکە رەشەدا، کەواتە عاشقبوونی (جەلادەتی کۆتر) لەپاڵ فکرێکی قووڵەوەیە



به هەمان شێوە عەشق تاکە هێزێکە، کە وای کردووە (جەلادەتی کۆتر) پێوەندیی بە خۆیەوە نەپچڕێت. وەکوتر کارەکتەر لە تیاترۆخانەی (پرتەقاڵی سپی) کە دەبێتە ئەندامی تیپێکی مۆسیقا و کچە سۆزانییەکان دەخاتە سەما، ئەوا بەشێکی گەورەی ژیانی ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دەدات. هەر وەکو خۆی دەڵێت: «مرۆڤ تەنیا لە ساتی عەشقدا ناتوانێت ئەکتەر بێت، ئەو ساتەی لێدەرچێت لە کۆی ساتەکانی تری زیندەگیدا مرۆڤ ئەکتەرە و کەسیش هەستی پێ ناکات. من لە پرتەقاڵی سپی ئەکتەرێکی گەورە بووم، تەنیا شتی ڕاستەقینە لە ژیانمدا ئەو عەشقە نهێنییە بوو کە بۆ دالیا لە دڵمدا بوو..». زانیمان بیرچوونەوەی مۆسیقا بەشێک بوو لە دۆڕاندنی ڕۆحی کارەکتەر بە زەمەن و شوێن، بەڵام لە ڕێگەی عەشقەوە (جەلادەتی کۆتر) توانیویەتی بەشێک لە خودی ڕاستەقینەی خۆی بپارێزێت، بەو شێوەیەش کارەکتەر بەشێکی تری ڕاستەقینەی خودی خۆی وەرگرتووەتەوە، بەڵام پاش ڕۆیشتن لە شاری (سۆزانییە غەمگینەکان)، (جەلادەت) زیاتر هەست بە لەدەستدانی خۆی دەکات، بۆیە دەیەوێت خۆی بدۆزێتەوە، هەر وەک خۆیشی دەڵێت: «دەمویست بە دوای خۆمدا بگەڕێم، بەدوای جەلادەتی ڕاستەقینەدا، جەلادەتێک لە بیابانەکانی باشووردا مردبوو..».

دیارە لەم دێڕەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە شوێن وای لە (جەلادەتی کۆتر) کردبوو بەشێکی گەورەی خۆی ون بکات. کەواتە بەر لە هەر شتێک کارەکتەر یەکێکە لە قوربانییەکانی ئەو زەمەن و شوێنەی تێیاندا ژیاوە. دواجاریش بەهۆی ئەوەی کارەکتەر دەبێتە قوربانی، هەرگیز ناتوانێت بەو شێوەی جارانی بژیێت، هەر وەکو (ڤۆلڤگانگ سۆفسکی)ی کۆمەڵناس دەڵێت: «هیچ قوربانییەک دوای ڕزگاربوونی نابێتەوە بەو کەسەی کە پێشتر هەبووە»، بەڵام ئارەزووی خۆدۆزینەوە یەکێکە لە هیوا قووڵەکانی (جەلادەتی کۆتر)، تا دواجار بە چەندین قۆناغی جیاجیادا دەڕوات، بۆ نموونە ئەو کاتەی لەگەڵ (سامیری بابلی) دەگەڕێتەوە بۆ باکوور، (جەلادەت) چەندین باڵندە لەسەر سەری خۆی دەبینێت، بەڵام کاتێک بۆ (سامیری بابلی)ی باس دەکات، ئەوا ئەو هیچ نابینێت، بۆیە حیکایەتخوان (عەلی شەرەفیار) لەو بارەیەوە دەڵێت: «سامیری بابلی کە ناتوانێت ئەو باڵدارانە ببینێت، پێی دەڵێت: ئەوانە سەرەتای شێتبوونی تۆن. گەر بزانین شێتبوون لای سامیری بابلی سەرەتای گەڕانەوەی ڕاستەقینەی مرۆڤە بۆ عەقڵ، سەرەتای هۆشیاری مرۆڤە بە مانای ڕاستەقینەی ژیان. تێدەگەین کە سامیر ئاگاداری ئەوەیە جەلادەتی کۆتر لەسەر ڕێگایەکی گەورەی خۆدۆزینەوەدایە ...».

یەکێک لە ڕەخنە هەرە قووڵەکانی (فۆکۆ) بەرانبەر بە مۆدێرنە ئەوەیە کە تەنیا ئاقڵەکان پێگەیەکی گەورەیان هەیە، بە پێچەوانەوە هەرچی شێتەکانن لە دامێنی پەراوێزن، (فۆکۆ) لەبارەی شێتەکانەوە دەڵێت: «شێتەکان خاوەن جۆرێک هەڕەمەکیی تایبەتن سەبارەت بەو فەزا ئازادەی، کە ئێمە لە بێئاگاییدا چێژی لێ وەردەگرین..». من هەست دەکەم (جەلادەت) خاوەنی ئەو هەڕەمەکییەیە، کە (فۆکۆ) ئاماژەی پێ داوە، چونکە هەر لەو شێتییەدایە، کە هەڵگرە ئەو فرەدیوییە و لایەنە قووڵەکانی فکرە. بەڵام ئەو باڵندانەی کە بەشێکن لە (جەلادەتی کۆتر)، ئەوا پێوەندییان بەو لایەنە شاراوەی ناخی کارەکتەرەوە هەیە، ئەو باڵندانە شێوەیەکی تری ناوەوەی (جەلادەت)ن، یان ئەو

# پەیامبەربوونی (جەلادەتی کۆتر) زۆر جیاوازە لە پەیامبەربوونی ئەو پێغەمبەرانەی، کە بانگەشەی خۆشگوزەرانی و ڕێگەی گەیشتن بە خودا دەکەن

ئەسپە باڵدارە سپییانەی کە بۆ (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی دەبەن، یان لە شاری (تەپوتۆزە زەردەکان «سۆزانییە غەمگینەکان») دەیهێننەوە باکوور، دیوێکی ئەفسانەیی و خەیاڵیی کارەکتەرن. هەر لە شاری (سۆزانییە غەمگینەکان)دا، (جەلادەت) لە ڕێگەی مەستییەوە، بە دیدێکی پووچگەراییانە دەڕوانێتە ژیان و جوانییەکان، ئەمەش زیاتر لەو کاتەدا دەردەکەوێت، کە بە (ئوستاز فەهمی)، ئەو مامۆستایەی مۆسیقای بیر (جەلادەت) بردبووەوە، دەڵێت: «ژیان بژی و شەڕابەکەت هەڵدە، هەموو مۆسیقای دونیا ئەو ساتە ناهێنێت کە بە مەستی دەچیتە سەر مێزێک و بوتڵێک دەگریت بەدەستەوە و هەڵیدەدەیت مۆسیقا هەر عەزابێکی رووتە تێیهەڵدە ئوستاز... تێیهەڵدە. میز بکە بە مۆزراتدا و بژی...».

ئەم ڕوانینە پووچگەراییە بەدەر نییە لە دیدگا فکرییە قووڵەکەی کارەکتەر، چونکە لەو روانگەیەوە تواندراوە قووڵبوونەوە بەناو شوێن و زەمەن، لەگەڵ خودبینیی کارەکتەر، دەربخرێت. (نیچە) کاتێک دەستی بۆ دامەزراندنی میتافیزیکێکی نوێ برد و لەوێدا خوای بە دەستی مرۆڤ مراند، هەر لەپاڵ ئەم میتافیزیکییەشدا پووچگەرایی دەکاتە بەشێکی دانەبڕاو لێی. لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی میتافیزیکاییە نوێیەکەی بە هەموو مانا قووڵەکان بنیاد بنێت. لەم ڕوانینەی (جەلادەتی کۆتر)دا، ویستی بەردەوامی بۆ ژیان هەیە، نەوەک چۆنیەتیی ژیان. (شۆپنهاوەر) پێی وایە ئەم پەیوەستبوونە لە ژیان تا کاتێک بوونی هەیە، کە مرۆڤ پەیڕەوی ئیرادە کوێر و نائاگاکەی دەکات، بەڵام کاتێک مرۆڤ بەئاگا دێتەوە، ئەوا بەرانبەر بە ژیان بێ متمانە دەبێت و دلێرانە ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە.

لایەنێکی تری (جەلادەتی کۆتر) ئەرکی پەیامبەرییە، کە وای کردووە ئەم کارەکتەرە فکری فرەڕەهەند لە خۆیدا بگرێت. پەیامبەربوونی (جەلادەتی کۆتر) زۆر جیاوازە لە پەیامبەربوونی ئەو پێغەمبەرانەی، کە بانگەشەی خۆشگوزەرانی و ڕێگەی گەیشتن بە خودا دەکەن، چونکە پێغەمبەربوونی ئەوان بانگەشەکردنی هێزێکی گەردوونییە و ئەویش (خوا)یە، بەڵام پێغەمبەربوونی (جەلادەت) لە دەرەوەی ئەم فەزایەوەیە، بگرە ئەو پێغەمبەری جوانییە نەمرەکانە لە دەرەوەی (خوا)دا. ئەو جوانییە نەمرانەی، کە لە قووڵایی ئینسانەکاندا هەڵقووڵاون، هەر وەکو کارەکتەر (شاروخی شاروخ) بە (جەلادەت) دەڵێت: «زۆر جار مرۆڤ دەنوسێت، مۆسیقا لێدەدات، نیگاردەکێشێت، بێئەوەی بزانێت کە لە ڕاستییدا ئەوەی دەیکات تەواوکردنی ئیشێکە بەر لەو لە شوێن و زەمانێکی تردا دەستی پێکردووە، مرۆڤ هەموو تەواوکەری یەکە...». کەواتە (جەلادەتی کۆتر) تەواوکەری ئەو هونەر و جوانییە نەمرانەیە، کە لە سەردەمانی و تر و شوێنە نادیارەکانەوە لە قووڵایی مرۆڤە ڕۆحیانەکانەوە سەریان هەڵداوە. ئەو پێغەمبەرێکی جاویدانییە بۆ ئەو شوێن و زەمەنە پڕ تراژیدیایە، بەڵام نابێت ئەوەشمان بیر بچێت، کە (جەلادەت) قوربانیی دەستی ئەو شوێن و زەمەنەیە، بەو مەبەستەی کە کارەکتەر هەڵگری جاویدانێکی مەزن بوو، کەچی لە ڕێگەی ئەو کوشتار و توندوتیژییانەی، کە (جەلادەت) تێیدا دەژیا بووە قوربانی، بەڵام چونکە شتە جاویدانەکان نەمرن، ئەوا ململانێی جوانی و توندوتیژی هاوشانی یەکتر ڕۆیشتوون، کە لە دوایدا جوانی دەپەڕێتەوە بۆ ئەودیو لایەنە وجودییە شاراوەکە. توندوتیژی ڕەهەندێکی تری

(نیچە) کاتێک دەستی بۆ دامەزراندنی میتافیزیکێکی نوێ برد و لەوێدا خوای بە دەستی مرۆڤ مراند، هەر لەپاڵ ئەم میتافیزیکییەشدا پووچگەرایی دەکاتە بەشێکی دانەبڕاو لێی. لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی میتافیزیکاییە نوێیەکەی بە هەموو مانا قووڵەکان بنیاد بنێت. لەم ڕوانینەی (جەلادەتی کۆتر)دا، ویستی بەردەوامی بۆ ژیان هەیە، نەوەک چۆنیەتیی ژیان



ماناداری ڕۆمانەکەیە، کە لە ڕێگەی ئەو ڕووداوانەی تووشی کارەکتەر دەبن، کاریگەرییەکانی دەرخراون. دیارە ئەو توندوتیژییە یەکێکە لە توندوتیژییە مەبەستدارەکان. توندوتیژییەکە کوشتنی مرۆڤی تێدا زۆر ئاسانە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەبەستەی، کە لە پشت دیکتاتۆرەکاندا خۆیی حەشارداوە. (ماکس ڤێبەر) یەکێکە لەو بیرمەندانەی، کە پێی وایە توندوتیژی لە ئەنجامی کۆمەڵێک مەبەستەوە ئەنجام دەدرێت.

لەبارەی پێغەمبەرییەوە (جەلادەت) بە (دالیا سیراجەدین) دەڵێت: «من پێغەمبەرم... تێدەگەیت... من خودا نەیناردووم، بەڵکو لە زەوییەکی ترەوە هاتووم، لە شارێکی ترەوە هاتووم ناوی شاری مۆسیقارە سپییەکانە... هەستی پێدەکەم... دالیا من هەستی پێدەکەم..».

ئەگەرچی ئەو کاتەی (جەلادەت) ئەم قسەیە دەکات، دەستی بە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) نەگەیشتووە، بەڵام بەو ڕووداو و حیکایەتە قووڵانەی کە هەیەتی، هەست بەوە دەکات، کە دەتوانێت بگاتە شوێنێکی نەمری وەکو (شاری مۆسیقارە سپییەکان). کاتێکیش ڕستەی (من هەستی پێ دەکەم) بەکارهاتووە، وای کردووە ڕوانینی (جەلادەت) شێوەیەکی لۆجیکی وەربگرێت. دەمەوێت لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بەوە بدەم، کە (پلاتۆ Plato) پشتی لە جیهانی هەست کرد، ئەو دەیویست لە ئەشکەوتەکە بێتە دەرەوە و تەماشای جیهانی نەمری «بیر» بکات. بەڵام لای (ئەریستۆ) هەستەکان دەورێکی باڵا دەبینن لە دەرککردنمان بە جیهانی دەرەکی. کێشەی نێوان هەست و عەقڵ لە لای زۆرێک لە فەیلەسووف و بیرمەندەکانی وەکو (دیکارت، کانت، هێگڵ، فرۆید) و... تاد پانتاییەکی قووڵی داگیرکردووە. بۆیە (جەلادەتی کۆتر) سەرەتا لە ڕێگەی هەستەوە ڕوانینی بۆ (شاری مۆسیقارە سپییەکان) هەیە، دواتر وەک ئەو مەیلەی کە (پلاتۆ) هەیبوو بۆ هاتنەدەرەوە لە ئەشکەوتەکە و تاکو تەماشای جیهانی نەمریی بیر بکات، ئاواش (جەلادەت) بۆ شاری نەمری دەڕوات، کە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ـە. هەر پێش ئەوەی (جەلادەت) لایەنی هەستکردن بەکاربهێنێت، لە دیالۆگێکدا لەگەڵ (موسای بابەک) لەبارەی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ەوە، وەسفێکی زۆری ئەو شوێنە دەکات، بێ ئەوەی بینیبێتی، دەڵێت: «لەو ساتەدا دەکەوتمە درۆکردن، بە هەمان دەستوورو عادەتی خۆم لەناو کیژانی پرتەقاڵی سپیدا و دەمگووت: ئەو کاتەی کە من بینیم فوارەکانی سپی سپی بوون، وەک ئەوەی شیری لێ بێتەدەر، هەندێک درەختی سپیم بینی کە میوەیەکی سپییان گرتبوو، کە مرۆڤ دەستی لێدەدا، دەنگی مۆسیقایەکی شیرین بەرز دەبووەوە...».

ڕاستە ئەم پەرەگرافە درۆیەکی (جەلادەتی کۆتر)ـە، بەڵام ئەم وەسفانەی کارەکتەر لە ڕێگەی خەیاڵکردنەوەیە (imagination) کە لایەنێکی قووڵی کارەکتەری داگیرکردووە. (ئەلبێرت ئەنیشتاین) لەبارەی خەیاڵکردنەوە (imagination) دەڵێت: «خەیاڵکردن زۆر گرنگترە لە زانین، زانین سنووردارە، بەڵام خەیاڵکردن ئابڵوقەدانی جیهانە. «هەروەک ئەوەی دەردەکەوێت ئەگەر بۆ وەسفکردنی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) جەلادەتی کۆتر ئەو کاتەی دیالۆگ لەگەڵ (موسا بابەک) دەکات پشتی بە زانین بەستبا، ئەوا وەسفێکی بەو شێوەیەی نەدەبوو، بەڵام گرنگییەکەی لێرەدایە کە پشتی بە خەیاڵکردنەوە (imagination)

# حەقیقەت و جوانی) تەنیا دەتوانن لە شوێنێکدا یەکتر بگرنەوە، کە شوێنی جوانییە نەمرییەکان بێت

بەستووە. هیچ سنوورێک نییە لە بەردەم خەیاڵدا. هەر خۆی هێڵی سەرەکیی ئەم ڕۆمانە خەیاڵە، لەوێوە بونیادی مێژوو و واقیع تێکشکێندراون و دیوەکانی تری ئەو واقیع و مێژووە خوێندراونەتەوە. هەموو مامەڵەیەکی تری ئەم ڕۆمانە لەگەڵ جوانی، ئازار، توندوتیژی، شوێن و زەمەن و... تاد، لە ڕێگەی خەیاڵەوە کاریان لەسەر کراوە.

(ئارۆن کۆپلاند Aaron Copland) لە کتێبی (مۆسیقا و خەیاڵکردن MUSIC AND IMAGINATION) ئەو پێوەندییە قووڵەی نێوان خەیاڵ و مۆسیقامان بۆ شی دەکاتەوە. ئەو پێی وایە ئەو کەسەی خاوەنی هونەری گوێگرتنی مۆسیقایە، لەگەڵ بیستنی دەنگی مۆسیقا توانای خەیاڵی تا ئاستێکی بەرز بەرفراوان دەبێت. (جەلادەتی کۆتر) پێوەندیی خەیاڵ و مۆسیقای لە ئاستێکی هێندە قووڵ تێدا ئاوێتەبووە، تا ئەو کاتەی کە مۆسیقای بیر دەچێتەوە، هەست دەکات مرۆڤێکە وەک جاران توانای فڕینی نەماوە، دیارە من مەبەستم فڕینە لە ڕێگەی خەیاڵ و لەسەر ئاستی سومبۆلەوە. بە بڕاوی (ئارۆن کۆپلاند) مۆسیقای قووڵ خەیاڵمان دەفڕێنێت. لە دیالۆگێکدا لەگەڵ (مستەفا شەونم)، (جەلادەت) لە بارەی فڕینەوە، دەڵێت: «فڕین چییە؟ هەموو بەرزبوونەوەیەک بەسەر شتە سادە و ئاساییەکاندا فڕینە، مۆسیقای جوان فڕینە. دەزانیت من کەی لە ئاسمان بووم... دەزانیت کەی؟ ئەو کاتەی گوێ لە مۆسیقارە مەزنەکان دەگرم..».

لە دێڕێکی تردا (جەلادەتی کۆتر) لەبارەی مۆسیقاوە، دەڵێت: «مرۆڤ ببێتە مۆسیقا مانای ئەوەی بڕوات لەوپەڕی مەرگەوە پەیامێک بهێنێت، وەک چۆن مۆسیقا دەڕوات لەوپەڕی بێدەنگییەوە پەیامێک دەهێنێت..». لەم دێڕەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە مۆسیقا بەر لە هەر شتێک پەیامە. لەبارەی مۆسیقاوە (بیتهۆڤن) دەڵێت: «مۆسیقا ئاشتکەرەوەیە لە نێوان جیهانی ڕۆحی و هەستەوەرەکانی ژیان». دیارە ئەو پەیامانەی (جەلادەت) باسیان لێوە دەکات بەر لە هەر شتێک پێوەندییان بە لایەنی ڕۆحیی مرۆڤەکانەوە هەیە، بەڵام کارەکتەر لە ڕێگەی هەستەوە دەرکی بەو پەیامە ڕۆحییە کردووە.

پاش ئەوەی ماوەیەکی درێژ لە شاری (سۆزانییە غەمگینەکان) دەمێنێتەوە، گەشتێک بۆ باشووری عیراق لەگەڵ (دالیا سیراجەدین) دەکات. لەوێدا زنجیری دەیان گرتووخانەی نهێنی دەشکێنێت، هەر وەک هاتووە: «جەلادەت وەک شتێک مەستی بکات، چەکوشەکەی بەرز دەکردەوە و دەیگووت: زنجیرەکان بێنن... زنجیرەکان... .. جەلادەت هەر زنجیرێکی دەشکاند، باوەشی دەکرد بە زیندانییەکەدا و پێی دەگووت: بڕۆ برا ئازاد بە، تا هەتا هەتایە، مەهێڵە جارێکی تر هیچ کەسێک بتگرێت..». دیارە ئەمە سەرەتای دروستبوونەوەی ئیرادەیەکی نوێیە بۆ شکاندنی بەربەستەکانی شوێن و زەمەن، جگە لەوەی ئەم هێزەی، کە (جەلادەت) لە کاتی شکاندنی زنجیرەکاندا هەیەتی، دیوە ئەفسانەیەکەی کارەکتەرە.

گەڕانەوەی (جەلادەتی کۆتر) بۆ باکوور (کوردستان) لەگەڵ (سامیری بابلی)دا، ڕۆیشتنە بۆ دیوێکی تری تراژیدیای جوگرافیایەکی دیکە، ئاشنابوونە بە ئازار و مەینەتیی مرۆڤەکانی دی، سەرەتای دەستپێکردنی ئاوارەبوونێکی قووڵیشە. (جەلادەتی کۆتر) ئاوارەیی تەنیا لە دووربوون لە شوێن نابینێت، بەڵکو دووربوون لە مرۆڤە هاودەمەکانی

(نیچە) دەڵێت: (چاوەڕاونی، مرۆڤ بێ ڕەوشت دەکات). دۆزینەوەی پێوەندییەکانی نێوان جوانی و حەقیقەت، دەبێتە مەتەڵێکی ئاڵۆز لای (جەلادەتی کۆتر)، ئەمەش زیاتر لەو کاتەدا دەردەکەوێت، کە لە شاری سۆزانییە غەمگینەکانەوە بۆ باکوور دەگەڕێتەوە



بەشێکی قووڵە لە ئاوارەبوونی، بۆیە دەگاتە ئەو ڕایەی کە: «سەختترین جۆری ئاوارەیی، ئاوارەیی نییە لە نیشتمان، بەڵکو ئاوارەییە لە مرۆڤەکانی دی..». (جەلادەتی کۆتر) هەست دەکات سەرتاپای ژیانی لە شاری (سۆزانییە زەردەکان) لە دۆخی چاوەڕوانیدا بوو، بۆیە لە ڕووی دەروونییەوە بێزارییەکی قووڵی بەرانبەر بە چاوەڕوانی هەیە. تا ئاستێک دەڵێت: «هیچ شتێک وەکو چاوەڕوانی ماهییەتی مرۆڤ زەوت ناکات، چاوەڕوانی مانای ئەوەیە هێشتا ئەو هەلومەرجانە لەدایک نەبوون، کە مرۆڤ تێیدا جەوهەری خۆی ئاشکرا بکات، هێشتا مرۆڤ ناتوانێت بڕیار لەسەر بڕیارە گەورەکانی خۆی بدات..».

لای (جەلادەت) چاوەڕوانی ماهییەتی مرۆڤ زەوت دەکات، کەواتە دەکرێت بڵێین لە ئەنجامی چاوەڕوانییەوە مرۆڤ زۆر شتی گەورە لە دەست دەدات. لە بارەی چاوەڕوانییەوە، (نیچە) دەڵێت: (چاوەڕاونی، مرۆڤ بێ ڕەوشت دەکات). دۆزینەوەی پێوەندییەکانی نێوان جوانی و حەقیقەت، دەبێتە مەتەڵێکی ئاڵۆز لای (جەلادەتی کۆتر)، ئەمەش زیاتر لەو کاتەدا دەردەکەوێت، کە لە شاری سۆزانییە غەمگینەکانەوە بۆ باکوور دەگەڕێتەوە.

لە پەرەگرافێکدا (جەلادەت) دەڵێت: «ئەگەر جوانی و حەقیقەت یەک شت نین، بۆ من هەست دەکەم هاوارێک لە گەروومدایە خەریکە دەمخنکێنێت هاوارێک هاواری خۆم نییە بە تەنیا، هاوارێک هاواری ئەوانەیە کە مردن و جێیان هێشتم؟».

لەم پەرەگرافەدا بۆمان دەردەکەوێت (جەلادەت) جوانی و حەقیقەت بە یەک شت دەزانێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا دەکرێت شتێک لە دەرەوەی جوانیدا مورکێکی حەقیقەتی هەبێت؟ (نیچە) لەو بارەیەوە دەڵێت: (پێوەندیی جوانی و حەقیقەت ترسی پیرۆزی هەموو ژیانم بووە). لە یەکێک لە وتەکانی تری لەبارەی شوێنێک کە هونەر هەڵگریەتی بۆ نەمری، قسەکەی (محەمەدی فیردەوسی) تەواو دەکات و دەڵێت: «دەبێت بە بوونەوەرێک کە دەکەوێتە دەرەوەی جەبری زەمان، دەکەوێتە دەرەوەی ئەو سنوورە تاریک و ڕەشانەی شوێن... جوانی دەبێت بە پردێک حەقیقەت و نەمری شان بە شانی یەکتر دەڕۆن..».

کەواتە (حەقیقەت و جوانی) تەنیا دەتوانن لە شوێنێکدا یەکتر بگرنەوە، کە شوێنی جوانییە نەمرییەکان بێت، کە داوجای لای (جەلادەتی کۆتر) شاری مۆسیقارە سپییەکانە.

جگە لە پێوەندیی نێوان جوانی و حەقیقەت، ئێمە ڕووبەڕووی پێوەندیی (جوانی و ئازار، جوانی و عەدالەت)یش دەبینینەوە.

پێوەندیی (جوانی و ئازار) یەکێکە لە ڕەهەندە فکرییەکان، کە بە کارەکتەر بەرجەستە بووە. (جەلادەت) لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئینسان لە تێکەڵبوونی دوو هێزی گەورە دروستبووە، هێزی جوانی و هێزی ئازار..». (شۆپنهاوەر) دەڵێت: «چیرۆکی هەموو ژیانێک، چیرۆکی ئازارێکە». بەڵام (جەلادەتی کۆتر) لەناو ئەو هەموو کوشتار و ئازار و کارەساتەنەدا، ڕێگەیەکی هەیە، کە پێی دەڵێن ڕێگەی (جوانی و نەمری)، هەر وەک ئەوەی دواجار دەبێتە پاسەوانی جوانییە نەمرەکان. یان ڕۆیشتنی بۆ (شاری مۆسیقارە سپییەکان)، کە شارێکە گشت جوانییە نەمرەکانی تێیدا کۆبووەتەوە، بەشێکی گەورەی دۆزینەوەی جوانییە نەمرەکانە. (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ئەو بەشە جوان و نەمرەیە، کە لە گشت شارەکانی دونیادا

# هەبوونی هەستی خراپەکاری لای مرۆڤ بە درێژایی فکر جێگەی تێڕامان بووە

بوونی هەیە. (جەلادەت) لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە هەموو شارەکاندا ڕێگەیەک هەیە دەچێتەوە سەر جوانییە جاویدانەکان. من دەمگووت: جوانی دواجار لەو شەڕەدا دروستدەبێت، ڕێگای هەموو مرۆڤ بۆ ناو ئەو باغە ڕێگایەک نییە مرۆڤ تەنیا لە خەیاڵدا ببیرێت، بەڵکو ڕێگایەکە بەناو هەموو ژیاندا تێدەپەڕێت. ڕێگایەکە مرۆڤ بە عەقڵ و بە ویژدانی دەیدۆزێتەوە، نەوەک تەنیا بە هەستەوەرەکانی..».
لەم ڕوانینەی (جەلادەت)دا ئەزموون پانتاییەکی قووڵ لە ڕووی ڕوانینمان بۆ جوانی، داگیردەکات.
(کانت) لەو بارەیەوە دەڵێت: «جوانی ئەو ئەزموونەیە کە لە ڕێگەی چەمکەوە درکی پێ ناکرێت». لە ڕوانینی (جەلادەت)دا، ئەو ڕێگەیەی جوانی بەشێکی بە عەقڵ و بەشێکی لە ویژدان دەدۆزرێتەوە، کەواتە لای (جەلادەت) ئەزموون ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.
لەبارەی بوونی خراپەی گەردوونی، (جەلادەت) بە (سامیری بابلی) دەڵێت: «مرۆڤ دەبینین باڵندە ڕاوەکات و دەیخوات، مرۆڤ دەبینین دەوروبەری خۆی وێران دەکات. جەنابی نەقیب ئەو خراپەیەی لە بناغەی گەردوندا هەیە خراپەیەکە مرۆڤ والێدەکات باڵندەکان بکوژێت و بیانخوات، بەڵام ئەو خراپەیە واتلێناکات بۆڕی دایسکراو بە قوونی ئادەمیزادەکاندا ڕانێیت..». من هەست دەکەم لێرەدا (جەلادەت) زۆر (هێگڵ)یانە بیردەکاتەوە. چونکە (هێگڵ) لە فەلسەفەکەی خۆیدا مرۆڤ بە ڕووبەرێکی مێژوویی و فکری دەزانێت. ئەو لەگەڵ (کانت) کۆک نییە لەبارەی جوانیی سرووشتی، چونکە پێی وایە تەنیا ڕۆحەکان دەتوانن لە نێوان خۆیان گفتوگۆ دابمەزرێنن، لەبەر ئەوەشە جوانیی سرووشت لە بەرانبەر مرۆڤدا بە لاوە دەنێت. «جەلادەتی کۆتر»یش هەموو ئەو خراپانەی کە مرۆڤ بەرانبەر بە سرووشت دەکات، بە چاوێکی زۆر گوناهکارانە لێی ناڕوانێت، بەڵام کاتێک خراپەکە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، ئەوا بە کارێکی شوومی دەزانێت. ئەمەیان زیاتر لەو کاتەدا دەردەکەوێت، کە (جەلادەت) باسی ئەو برینە قووڵانەی خۆی، کە لەسەر سینگییەتی، بۆ (عەلی شەرەفیار) دەکات و دەڵێت: «گرنگ نییە کێ وای لێکردوم، گرنک ئەوەیە مرۆڤ هەیە وا لە مرۆڤ دەکات، ئەوە گرنگە.. لەوە بترازێت هیچی تر گرنگ نییە..».
دیارە دەبینین قووڵبوونەوە لە هەستی خراپەکاریی مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤ جێگە تێڕامانێکی قووڵی کارەکتەرە، کە هەر ئەو هەستەیشە کارەسات و جەنگەکانی لێ دەکەوێتەوە. هەبوونی هەستی خراپەکاری لای مرۆڤ بە درێژایی فکر جێگەی تێڕامان بووە. (بۆدلێر) لە دیوانە تاقانەکەیدا (گوڵە بەدەکات) ئەم هەستە خراپەکارییە لە قووڵاییەکانی مرۆڤدا دەردەخات و بەرجەستەی وێنە شیعرییەکانی دەکات. هەستی خراپەکاری تا ئەو ئاستە دەڕوات کە مرۆڤ، مرۆڤ بکوژێت، واتە یەکێک ببێتە جەللاد و ئەوتریان قوربانی. (جەلادەتی کۆتر) کاتێک لە شاری (سۆزانییە غەمگینەکان) دەزانێت هاوڕێکانی بە دەستی (نەقیب سامیری بابلی) کوژراون و خۆیشی بە دەستی ئەو بریندار کراوە، هەستی جەللادیی بەرانبەر بە جەللادەکان بۆ دروست دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا کە خۆی یەکێکە قوربانییەکان، بۆیە لە دیالۆگێکدا لەگەڵ (دکتۆر موسای بابەک)، دەڵێت: «جەنابی دکتۆر ئەی زوڵم، ئەی ئەوانەی مرۆڤ بە زیندوویی زیندە بەچاڵدەکەن، ئەی ئەوانەی مرۆڤ دەرخواردی سەگ دەدەن، ناتەوێت جارێک یەکێیان بکوژیت؟ من پڕ

(هێگڵ) لە فەلسەفەکەی خۆیدا مرۆڤ بە ڕووبەرێکی مێژوویی و فکری دەزانێت. ئەو لەگەڵ (کانت) کۆک نییە لەبارەی جوانیی سرووشتی، چونکە پێی وایە تەنیا ڕۆحەکان دەتوانن لە نێوان خۆیان گفتوگۆ دابمەزرێنن، لەبەر ئەوەشە جوانیی سرووشت لە بەرانبەر مرۆڤدا بە لاوە دەنێت



به دڵ حەز دەکەم یەکێکیان بکوژم..».
(فرۆید) پێی وایە ئارەزوویەکی قووڵ لە قوربانیدا هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە جەللاد. بە هەمان شێوە (جەلادەتی کۆتر) لەبارەی قوربانی و جەللادەوە دەڵێت: ئەم بیروڕایەی (جەلادەت) تەنیا لەناو بازنەی قسەکردنەوە ناوەستێت، بەڵکو لەو کاتەی دادگایەکی دادپەروەرانە بۆ (سامیری بابلی) ڕێک دەخات، کە دە قوربانیی (بابلی) تێیدا ئامادەن، ئەوا پێنج لەو قوربانییانە داوای تۆڵەی خۆیان دەکەن و لە (بابلی) خۆش نابن. ئەگەرچی ئەو قوربانییانە بۆ جارێکیش نەیانویستووە کەس بکوژن، بەڵام بڕیاری کوشتنی (بابلی) دەدەن، بۆیە بە دەستی دوو قوربانیی خۆی دەکوژرێت. ئەمەش زیاتر پێوەندیی جەللاد و قوربانیمان پێ ئاشنا دەکات و لە ڕێگەی ئەو دادگایەی، کە (جەلادەت) بۆ (سامیری بابلی)ی ڕێک خستبوو، بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو لایەنە فکری و سایکۆلۆژییە بەرجەستە کراوە، چونکە دامەزراندنی دادگایەکی دادپەروارانە، کە عەدالەت بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە تێیدا بەرجەستە بووبێت، خواستێکی تری کارەکتەرە.
(جەلادەتی کۆتر) لەبارەی ئەو دادگایەی بۆ (سامیری بابلی)ی ڕێک خستبوو، دەڵێت: «لەو ماوەیەدا بڕیارم دا خەیاڵی داهاتووم بخەمە سەر «دادگاییکردنی» سامیری بابلی. هەستمدەکرد یەکێک لە ئەرکە گەورەکانی مرۆڤ بەدیهێنانی بڕێک لە عەدالەتە..». دامەزراندنی ئەو دادگایە، بەشێکە لەو ئەرکە گەورانەی، کە لە دیدگای کارەکتەردا هەڵگری جوانییە، بۆیە کاتێک دەبێتە (پاسەوانی جوانییە نەمرەکان)، لە دیالۆگێکدا لەگەڵ (مستەفای شەونم) دەڵێت: «من ڕام وابوو ئەوەی حەماسەتی بۆ جوانی هەبێت، دەبێت بە هەمان سۆز و شەوقەوە بۆ دادپەروەریش هەوڵبدات..».
دادپەروەی پانتاییەکی قووڵی لە فکردا داگیرکردووە، هەر بۆ نموونە لە بەشەکانی سەرەتای (کۆماری ئەفلاتۆن)دا، دیالۆگێکی قووڵ لەبارەی عەدالەتەوە کراوە. خواستی بەدیهێنانی عەدالەت، بەشێکی گەورەی فکری فەیلەسووفان بووە. تا ئاستێک هەر یەک لە (کانت)، (مارکس) و (ماکیاڤیللی) پێیان وایە نیشتمان بەبێ (ئازادی، یەکسانی، عەدالەت) نیشتمان نییە. عەدالەت یەکێکە لەو گرێیە فکرییانەی، کە کارەکتەر تێیدا دەخولێتەوە و بەردەوام لە بیرۆکەیەکەوە بۆ بیرۆکەیەکی تر بازدەدات. لە شوێنێکی تردا کارەکتەر لەبارەی دادپەروەرییەوە، دەڵێت: «مرۆڤ عەدالەت لە کتێبەکانی قانونەوە فێر نابێت، لە فەلسەفەکانەوە فێرنابێت، بەڵکو عەدالەت لە ئازار و گوناهەکانی خۆیەوە فێر دەبێت..».
کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە بیروڕای (جەلادەتی کۆتر) لەبارەی دادپەروەرییەوە، بەند نییە بە هیچ بیرۆکەیەک لە دەرەوەی ئازار و مەینەتییەکانی خۆی، بۆیە ئەو دادپەروەرییە لە ڕێگەی ئەزموونی خۆیەوە مەیسەر دەکات.
لەو کاتەی (جەلادەتی کۆتر) دەبێتە یەکێک لە پاساوانەکانی جوانی و پاش جێهێشتنی شاری (سۆزانییە غەمگینەکان) دووبارە (موسا بابەک) لە ڕێگەی (مستەفا شەونم) دەبینێتەوە، خەیاڵ بۆ ژیانی داهاتووی دەکات، کە وای دەردەخات ژیانێکی خۆش و ئارامی دەبێت و هێڵە سەرەکی و ڕاستەقینەکانی دیار دەبێت، لە چەند دێری دواییدا، دەڵێت: «ژیانێک بوو لە هەموو گۆشە و جەمسەرەکانیدا میعمارێکی تەواوی هەبوو، ئەگەرچی بە ڕووکەش پووچ و ناچیز دەهاتە بەرچاو، بەڵام

# (جەلادەت) هونەر بەو هێزە قووڵە دەبینێت کە دەتوانێت سەرلەنوێ خۆیی پێ زیندوو بکاتەوە

لە جەوهەردا ژیانێکی کامڵ و پڕمانا بوو..»، ئەم هەستەی (جەلادەت) لەپاڵ ڕابردوویەکی پڕ ئازار و دەردەسەریەوەیە، بۆیە جێگەی پرسیار نییە، کە (جەلادەت) ئەو ژیانەی داهاتووی بە کامڵ و پڕ مانا بزانێت. کاتێکیش باس لە پووکەشی، پووچی و ناچیزی ژیان دەکات، ئەوا بێگومان وەسفێکی شایستەی کردووە. بە بڕوای (ئەلبێرت کامۆ) ئەو کاتە ئێمە پابەندی پووچگەرایی بین دەبێت تاوانی کوشتن، یان تێکەڵبوونی چاکە و خراپە، یان ئەوەی جەللاد نە لەسەر هەقە و نە ناهەقیشە، بە ڕەوا بزانین. بۆیە شتێکە زۆر لۆجیکمەندانەیە، کە (جەلادەتی کۆتر) بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو ژیانەی پێ پووچییە، چونکە هەموو شتێک مانا و جوانیی خۆی لە دەست داوە، کوشتنیش ئاسانترین شتە لەو زەمەنەدا. بۆیە پێم وایە لای (جەلادەتی کۆتر) زەمینەیەکی قووڵ بۆ پووچییەتیی ژیان ڕەخساوە، چونکە ئەم کارەکتەرە لەسەر ئەم زەوییە بوونی خۆی بە بێبایەخ دەزانێت و هەست دەکات خاوەنی هیچ نییە، بوون و نەبوونیشی هیچ لەم دنیایە ناگۆڕێت، بەتایبەتی ئەوکاتەی کە لە ئۆتێلی (گێلاسی سپی) کە شوێنێکە خاپوورکراوە و ئاوارەکان تێیدا دەژین، هەست دەکات هیچ نییە جگە لە ئاوارەیەکی ناچیز. لەمەوە (جەلادەت) فکرەکانی دەپەڕنەوە ئەو ئاستەی کە هەست بکات هەموو مرۆڤایەتی ئاوارەبوونە لەسەر زەویدا، ئەمەش زیاتر لە دیالۆگی نێوان خۆی و (عەلی شەرەفیار)ی حیکایەتخواندا دەردەکەوێت، کە دەڵێت: «ئەی ئەوە ڕۆحی ئێمە نییە لە ژیان ئاوارە دەبێت و دەمرێت، ئەی ئەوە ڕۆحی ئێمە نییە لە عەدەم ئاوارەدەبێت و لەدایکدەبێتەوە، ئەی ئەوە ڕۆحی ئێمە نییە لە یەکتر دەترازێت و دەڕوات و یەکناگرێتەوە، گەردوون چییە جگە لە یەکنەگرتنەوەیەکی مەزن؟...». لەم ڕوانینەی (جەلادەت)دا، دەست خراوەتە کەشفکردنی هەڵە ئیلاهییەکان، وەک ئەو ئاوارەییەی لە دروستبوونی یەکەم مرۆڤەوە، ئینسان تێی کەوتووە. (جەلادەت) دەپرژێتە ئەو بۆشاییە قووڵەی کە لە گەردووندا هەیە، ڕوانینی ئەو بەرەو هەستبوون بە ناتەواوییەک، کە گەردوون تێی کەوتووە، دەبات.

ژیاندۆستی ڕەهەندێکی تری فکرییە، کە (جەلادەتی کۆتر) خاوەنییەتی. سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و مەینەتی و کارەساتەنەی، کە بەسەر کارەکتەردا هاتوون، ئەوا لەپاڵ ئەمەدا هیچ یەکێک لەمانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی، کە ژیان لە ڕوانینی کارەکتەردا دیوێکی ڕەشی هەبێت. ئەمەش زیاتر لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە جەللادەکانی نیشتمان دوو ساڵ (جەلادەت) دەگرن و بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر ئەشکەنجەی دەدەن، تاوەکو ئەو نەخشەیەی، کە (سامیری بابلی) دایە (جەلادەتی کۆتر)، بیدات بە دەسەڵاتدارەکانی نیشتمان. سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیە، کە داوتر بە سووتاندنی (جەلادەت) کۆتایی دێت، ئەوا کارەکتەر ئارەزوویەکی زۆر قووڵی بۆ ژیان هەیە، هەر وەک دەڵێت: «تەنیا شتێک لە ماوەی ئەو مانگ و ساڵێنەدا هەستم پێدەکرد، خۆشەویستیی ژیان بوو، لەو ماوە دوورودرێژەی زیندان و ئەشکەنجەدا کە پتر لە دوو ساڵی خایاند، دالیا سیراجەدین نەبێت هیچ شتێکم لە یاد نەبوو..».

(ئەلبێرت کامۆ) ئەگەرچی لە فەلسەفەی ئەودا ژیان پووچییە، بەڵام ئەگەر سەرنجی خۆم بۆ لای (ئەفسانەی سیزیف)ی ئەو رابکێشم، ئەوا لەوە تێدەگەم کە یەکێک لەو ڕەهەندە

به بڕوای (ئەلبێرت کامۆ) ئەو کاتە ئێمە پابەندی پووچگەرایی بین دەبێت تاوانی کوشتن، یان تێکەڵبوونی چاکە و خراپە، یان ئەوەی جەللاد نە لەسەر هەقە و نە ناهەقیشە، بە ڕەوا بزانین



فکرییانەی، کە فەلسەفەی (ئەلبێرت کامۆ) هەڵگریەتی، ژیاندۆستییە، چونکە (سیزیف) پاش پەشیمانبوونەوە لە مردن، خوداوەندەکان تورە دەکات و مەرجی گەڕانەوەی بەردێکی گەورەیە، کە دەبێت سەری بخاتە سەر کێوێک، بەڵام هەر چەند جاری نزیک دەبێتەوە لە بەجێگەیاندنی کارەکەی، ئەوا بەردەکە دێتە خوارەوە، هەتا هەر بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، بەڵام هێشتا ژیان لای ئەو نرخێکی بەهادار و گەورەی هەیە. بە هەمان شێوە (جەلادەتی کۆتر) پێش ئەوەی بڕوات بۆ (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ژیانی هیچ نەبوو جگە لە کارەسات و ئازار، بەڵام هەموو ئەو مەینەتییە قووڵانە نەبوونە هۆی ئەوەی کە (جەلادەت) ژیاندۆست نەبێت. (جەلادەتی کۆتر) تەنانەت لەو کاتەی کە لەبارەی هونەرەوە دیالۆگ لەگەڵ (محەمەدی فیردەوسی) دەکات، کە خۆیان و چەند هونەرمەندێک و شاعیرێک، گروپێکیان پێکهێناوە بەناوی (بەلەمی بەفر)، هەموو ئەندامەکانی ئەو گروپە بڕوایان وایە هونەر جۆرێکە لە خۆوێرانکردن، هونەر هیچ نییە جگە لە ڕێگەی مردن. (جەلادەت) لەو بارەیەوە دەڵێت: «باوەڕیشم بەوە نەبوو هونەر جۆرێک بێت لە جۆرەکانی خۆوێرانکردن. بە توندی هەموو ئەو تیۆرەم قبووڵ نەبوو، پێموابوو ژیانی من هونەر وای لێنەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕام وابوو هونەر تاکە ڕێگای زیندووبوونەوەیە..».

لەم پەرەگرافەدا بۆمان دەردەکەوێت هونەر لە دیدی (جەلادەت)دا کارلێکێکی نێوان ژیان و جوانییە، واتە هونەر بەبێ ژیان واتای نییە. (ساموێڵ بێکت) دەڵێت: «هونەرمەندبوون واتە شکستهێنان، ئەویش شکستێک، کە هیچ کەسێکی دیکە ناوێرێت ئەزموونی بکات. ئەم شکستە، جیهانی ئەوە. پشتکردنە ئەم شکستەش واتە هەڵهاتن لە بەرەی (جەنگ)، باشترین شێوەی هونەر، واتە ژیان»، ئەمە بیروڕای (بێکت)ـە لە بارەی هونەرمەندبوون و شکست و ژیانەوە. لای (بێکت) هونەر لە بەرانبەر ژیاندا پێناسە کراوە. (جەلادەت) هونەر بەو هێزە قووڵە دەبینێت کە دەتوانێت سەرلەنوێ خۆیی پێ زیندوو بکاتەوە. جگە لەوە (جەلادەت) بڕوای وایە ئەگەر هونەرمەند ڕێگەی ڕاستەقینەی هونەری دۆزییەوە، ئەوا هونەر ژیان جوانتر دەکات، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو، ئەوا دەبێتە جۆرێک لە وێرانکردن. لە (کۆماری ئەفلاتۆن)دا، (تراسیماکۆس) دەڵێت: «بێگومان هیچ هونەرێک بیر لە سوودی خۆی ناکاتەوە». (نیچە) هونەر و فەلسەفە هاوشانی یەکتر دادەنێت بەرانبەر بە میتافۆریەت، هەر (نیتچە)یە دەڵێت: بۆ ئەوەی لە حەقیقەت دانەبڕێین، دەبێت هونەرمەندانە بژین. (هایدیگەر)یش پێی وایە هونەر ڕێگەیەکی قووڵە بۆ داهێنان. بەڵام بە بڕوای (شۆپنهاوەر) بەرهەمی هونەری دەبێتە هۆی وەستاندنی ویست و ئیرادە، ویستی ناوەکی و شەهوەت، دەستەویەخەبوون لەگەڵ کات و دواییش پەڕینەوە بەرەو ئەبەدییەت. هەر (شۆپنهاوەر)یشە کە پێی وایە ئێمە لە ڕێگەی هونەرەوە دەتوانین بە ئەبەدییەت بگەین و لە سەرجەم ڕەنجەکان و هەموو بەند و پێوەندێکی بوون و ژیان ڕزگار ببین. (شۆپنهاوەر) هونەر بە خۆڕزگارکردن لە ژیان دەزانێت. دیدی (جەلادەت) لەبارەی هونەرەوە هەڵگری چەند میتۆدی فکرییە، چونکە لەو ڕێگەیەوە ئێمە ڕووبەڕووی چەندین دیدگای جیاواز و لێکچوو دەبینەوە. دواجاریش بەهۆی هێڵی فکریی ڕۆمانەکەوە، هونەر و جوانی لە دەرەوەی ژیان دەکەونە شارێک، کە شوێنی جوانییە

نەمرەکانە، ئەویش شاری مۆسیقارە سپییەکان-ە. هەموو ئەمانە وایان کردووە (جەلادەتی کۆتر) تەنیا پەیامبەری زەمەن و شوێنێکی دیاریکراو نەبێت، بەڵکو بکەوێتە دەرەوەی فەزای شوێن و کاتیشەوە، موڵکی هەموو گەردوونیش بێت، چونکە لەم ڕۆمانەدا ئەوەندی فکری گەردوونی و ئینسانی هەن، کە پەیوەستن بە ڕۆحی گشتییەوە، هێندە پێوەندییان بە شوێن و زەمەنێکی دیاریکراوەوە نییە، واتە دەکرێت بڵێین ئەو زەمەن و شوێنانەی کە لەم ڕۆمانەدا ئاماژەیان پێ دراوە، سومبولی زەمەن و شوێنەکانی تریشن.

**سەرچاوەکان:**


١- Heidegger, Martin/ Being and Time / translated by john macqurrie and Edward Robison..

٢- Merricks , Trenton/ Truth and ontology BY..

٣- Lowe , E.J/ The four – category Ontology: A metaphysical foundation for natural science

٤- T.Olson, Eric/ What Are we.? A study in personal Ontology (philosophy of mind series)

Foucault , Michel /Truth, Power, Self: An Interview with Michel Foucault - October ٢٥th , ١٩٨٢.

Technologies (١٩٨٨) From: Martin, L.H. et al of the Self: A Seminar.

٥-لە بازبازێن بەسەر پەلکە زێڕینەکانەوە بەرەو مامزێر، تەوەرێک بۆ ڕۆمانی (مامزێر)ی کاروان عومەر کاکەسوور. گۆڤاری (کاروان) ژمارە (٢٣٧)

٦-د. محەمەد کەمال بوون و داهێنان، بابەت: فەلسەفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم , ٢٠٠٤

٧-د. محەمەد کەمال نیتشە و پاش تازەگەری، فەلسەفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٩

٨-ئەفلاتوون/ کۆمار / وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. محەمەد کەمال/ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ چاپی یەکەم ٢٠٠٩

٩-Davies, Stephen/ The Philosophy of Art (Foundations of the Philosophy of the Arts)

١٠-Albert Hofstadter and Richard Kuhns/ Philosophies of Art and Beauty: Selected Readings in Aesthetics from Plato to Heidegger (Phoenix Books).

١١- Camus, Albert /The Myth of Sisyphus / Translated From the French to English By Justin O`brien.

١٢-Copland, Aaron Music and Imagination (Charles Eliot Norton Lectures)

١٣-موراد فەرهادپوور، جوانیناسی شکست، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مەنسوور تەیفووری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی ٢٠٠٦

١٤-یۆستاین گاردەر، جیهانی سۆفیا (ڕۆمانێک دەربارەی مێژووی فەلسەفە)، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: بەهرۆز حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی ٢٠٠٣

١٥-میهرداد میهرین، قوتابخانە فەلسەفییەکان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیدۆ داود عەلی، چاپی یەکەم ٢٠٠٩ لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی ڕێنما

١٦-میهراد میهرین، جیهانبینیی شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: هونەر عەبدوڵڵا لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٠٩

١٧-ئاراس فەتاح، (توندوتیژی وەک ئەزموون) گۆڤاری (ڕەهەند) ٢٠١٠/٣.

١٨-گۆڤاری (سەردەم)، ژمارە ٦٣، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١٩-بێدەنگیی و کۆکوژیی، کۆمەڵێک گفتوگۆ، ئامادەکردنی: حەمە کاکەڕەش، گفتوگۆ لەگەڵ (کاروان عومەر کاکەسوور)، ساڵی چاپ ٢٠٠٨.